https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.244

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمیی لە ئاست سزا ئابوورییە سەپێنراوەکانی سەر عێراق١٩٩٠-٢٠٠٣

**م. توانا رشید کریم**
**بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی**
Twana.karim@univsul.edu.iq

**پ. ئارام عەلی مستەفا**
**بەشی مێژوو -کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی**
aram.mustafa@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، تیشکدەخاتەسەر هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمیی و هاوسێی عێراق (ئێران و توورکیا و سووریا و ئوردن  و وڵاتانی هاریکاریی کەنداو) لە ئاست گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر عێراق لەماوەی ساڵانی١٩٩٠-٢٠٠٣. هەڵوێستی ئەم وڵاتانە لەماوەی دیاریکراودا بەوە ناسراوە، کە جێگر و سەقامگیر نەبووە و گۆڕاوی سزا ئابوورییەکان و قۆناغەکانی ئەم سزایە رۆڵی لە دەستنیشانکردنی ئەم هەڵوێستانەدا، هەبووە. ئەمەش بە روونی لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانەدا لە ماوەی بەر لە جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکOFF- ١٩٩٥ و دوای جێبەجێکردنی ئەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستە پشت بەست بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی و شیکاریی، توێژینەوە، کە ئامانجیی ئەوەیە، کە هەڵوێستی ئەم دەوڵەتانە لەم قۆناغەدا بخاتەڕوو و شوێنەواری گۆڕاوی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سزا ئابوورییەکان لەسەر ئەم هەڵوویستە نیشان بدات. لە کۆتاییدا، توێژینەوە، کە گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە هەریەک لە توورکیا و سعوودیە و ئێران و کوەیت و سووریا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکان و زیانمەندبوونیان پێداگربوون لەسەر چۆکپێدادانی حوکمڕانانی عێراق و کەمکردنەوەی رۆڵی هەرێمیی و کاریگەرییەکانیی لەسەر ناوچەکە لە میانی پابەندبوون بە بڕیارەکانی تایبەت بە گەمارۆ ئابوورییەکانەوە، بە پێچەوانەی ئوردن ، کە تێکچوونی ئابووریی عێراق بەهۆی سزاکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کاری لێکردبوو. هەروەها ساڵی١٩٩٥ جێگەیەکی بەهێزی لە دووبارە گەڕانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی عێراق بە هەریەک لەم دەوڵەتانەی هاوهەرێمییانەوە هەبووە.

**کلییلەوشەکان: عێراق، وڵاتانی هەرێمیی، گەمارۆ، سزا ئابوورییەکان، بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک.**

Recieved: 31/1/2023
Accepted: 26/3/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان، بەگوێرەی ڕووداوەکان و گۆڕاوەکانی ناوچەکەی خۆی بە پێی کاتی جەنگ و ئاشتیی ئەگۆڕێت. سزا ئابوورییەکان، کە لە ئەنجامی لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوەیت هاتەکایەوە. شوێنی لە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی هەبووە، بەتایبەتیی کە عێراق لە پێشووتر پەیوەندییەکانی لە ڕووی ئابووریی و سیاسییەوە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بە دوو ئاڕاستەدا هەنگاوی نابوو؛ لەلایەک جەنگ لەگەڵ ئێران و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ سووریا. لەلایەکی تر، سەقامگیریی و هاوبەشیی لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکەدا. بەڵام، لە ئاکامی سەپاندنی سزا ئابوورییەکان، پەیوەندییەکانیان گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵئەدات کاریگەریی گۆڕاوی سزا ئابوورییەکان لەسەر ئەم پەیوەندییە لە ئاستی ئابوریی وسیاسیی، بخاتەڕوو. لە ماوەی گەمارۆ ئابوورییەکان پەیوەندییەکانی عێراق بە دوو قۆناغدا گوزەریی کردووە؛ قۆناغی یەکەم بەر لە جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، کۆی ئەم دەوڵەتانە لە ئەنجامی سزا ئابوورییەکان و پەیڕەویی نێودەوڵەتیی پەیوەندییەکانیان خۆیان لەگەڵ عێراق پچڕاند. قۆناغی دووەم لە دوای بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، پێویستی دەوڵەتان و عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە وایکرد جارێکی تر، ئەم پەیوەندییە بگەڕێتەوە. بۆیە توێژینەوەکە هەوڵئەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە:، کە ئایا گەمارۆ ئابوورییەکان وەک سەپێنراوێکیی نێودەوڵەتیی چۆن کاریگەریی لەسەر ئەم پەیوەندییە داناوە؟

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدایە باس لە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاریی لە مێژووی سیاسیی ودیپلۆماسیی عێراق ئەکات، ئەویش ماوەی گەمارۆ ئابوورییەکانە لەساڵانی١٩٩٠-٢٠٠٣، کە لەم قۆناغەدا کۆی جیهان پابەندبووی پێڕەویی نێودەوڵەتیی، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق پچڕاند.ئەمەش بۆ مێژووی ئابووریی وڵات گرنگە و بەرچاوڕوونیی ئەدات بە دەسەڵاتداران لەمەڕ چۆنێتیی کارکردن لە ئاست پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. توێژینەوە، کە بۆ خستنەڕوویی بابەتەکەی پشتی بەستووە بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی و شیکاریی، لەمیانی ئەم میتۆدەوە جەخت لە گۆڕاوی سزا ئابوورییەکان کراوە و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکان خراوەتەڕوو.

ئامانجیی توێژینەوە، کە، پیشاندانی هەڵوێستیی وڵاتانی دەوروبەرە لە ئاست گەمارۆ ئابوورییەکان و خستنەڕووی جیاوازی قۆناغەکانی گەمارۆ ئابوورییەکان و شوێنەوارەکانیی لەسەر ئەم پەیوەندییە. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە؛ تەوەری یەکەم چوارچێوەی تیۆری خراوەتەڕوو لە میانی ناساندنی چەمکی گەمارۆ ئابوورییەکان و جۆر و شێوەکانیی. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ چۆنێتیی سەپاندنی سزا ئابوورییەکان و قۆناغ و پەرەسەندنەکانی بە درێژایی سیانزە ساڵ هەتاکو هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان بە بڕیارێکی نێودەوڵەتیی. کۆتا تەوەر دانراوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمیی ئێران و تورکیا و سووریا و ئوردن و وڵاتانی هاریکاریی کەنداو. دواجاریش بە ئەنجام و لیستیی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوە هاتووە.

توێژینەوەکە، پشتی بە گەلێک سەرچاوەی پەیوەندیدار بە زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی بەستووە، لە پێشەوەی ئەم سەرچاوانە، سەرچاوەکانی تایبەت بە بڕیارەکانی کەیسی عێراق- کوەیت لە نەتەوە یەکگرتووەکان

دائەنرێت، هەروەها کتێبی (حرب علی العراق یومیات- وثائق- تقاریر ١٩٩٠-٢٠٠٥) و (موقف ایران من الاجتیاح العراقي للكویت ١٩٩٠-١٩٩١)ی نووسەر (رماح المعموري) و (السیاسة الخارجیة الترکیة تجاه دول الجوار العراق انموذجا)ی (احمد نوري النعیمي). جگە لە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی و سەرچاوەی ئینگلیزیی پەیوەست بە گەمارۆ ئابوورییەکانی وەکوو: Jones,Lee Societies Under Siege ,٢٠١٥)).

## تەوەری یەکەم: چەمکی سزا ئابوورییەکان و بنەما و جۆرەکانیی:

باسیی یەکەم: چەمکی سزا ئابوورییەکان:

گەمارۆی ئابووریی؛ هەنووکە لە چالاکترین و کاراترین ئەو ئامرازانەیە، کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمییەکان بە مەبەستی بەرقەرارکردنیی هێمنیی و ئاسایشیی نێودەوڵەتیی لەو ناوچانەی، کە تەنگژەی سیاسیی و سەربازیی تێدایە پەنای بۆ ئەبەن. لە ئەدەبیاتی نووسیندا ئەم چەم، کە دەستەواژەیەکی زۆر بەکارهاتوویی نا یاساییە بۆ وەسفکردنی گوزارشتێکی یاسایی، کە لەلای یاساناسان و پسپۆرانیی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە «سزا ئابوورییەکان» بەکارهاتووە.(صادق، ٢٠٠٥، ص١٠)

لە تێڕوانینە کلاسیکییەکەیدا لەلایەن (ولیام دفلاک) وا ناسێنراوە، کە پرۆسەیەکی جەنگییە و لایەنێک، هێز دژی شوێنێکی پەرژینکراو یاخود، شارێکی پارێزراو بە مەبەستی داگیرکردنی بەکاری ئەهێنێت. هەرچیی (ئینسایکۆلۆپیدیای کستۆنیی) نوێیە بەوە پێناسەی کردووە کە: « کردەیەکە سووپایەک پرۆسەی چواردەورگرتن و مانەوە دژی قەڵایەک یا ناوچەیەکی پەرژینکراو و شارێکی قایمکراو، بەجێ ئەهێنێت. دوژمن ئەتوانێت پشتبەست بە تۆپهاوێژەکانی بەسەریدا سەربکەوێت و رێگە لە گەیشتنی پاڵپشتییەکان بگرێت، پاشان تۆپبارانکردنی تا خۆیان رادەست بکەن...دەستی بەسەردا بگرێت یان، بە دیل بیانگرێت یاخود، چاوەڕوانی مردنیان بە برسێتی بکات» (طوروس، ٢٠١١، ص٧)

بەڵام، لە تێڕوانینی نوێدا، لەلایەک بە ئامرازێکی ئابووریی بۆ فەراهەمکردنی ئامانجەکانیی سیاسەتیی دەرەکیی سەیرکراوە، ئەوەتا توێژەر (کیمبەرلی ئان) وا ناساندوویەتی: « پەرچەکردارێکی پەسەندنەکراوە لە سیاسەتیی دەرەکی یا ناوخۆیی دەوڵەتێکی دیاریکراو، کە ئەو دەوڵەتە توڕەیی خۆی بە گرتنەبەری سزایەکی ئابووریی دیاریکراو نیشان ئەدات، کە خۆیی لە بایکۆت و هەڕەشەکردن بە پچڕانی پەیوەندییە بازرگانی و داراییەکان لەسەر ئاستی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتی بە ئامانجگیراودا، ئەبینێتەوە» (رضا، ٢٠١١، ص١٤). لە روویی یاساییەوە، یاساناس (نایلۆر) بەهەمان شێوە بە کۆمەڵێک کارسازی سزای سروش ئابووریی دایناوە، کە دەوڵەت و رێکخراوە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان لەئاستی دەوڵەتیی دوژمنکار ئەیگرنەبەر تا لەگەڵ یاسا و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیی وهەرێمییەکان سیاسەتی بگۆڕێت و بیگونجێنێت.(رحایبي وبوروبي، ٢٠١٨، ص٣٣١)

جێی باسە، لە هەردوو بەڵگەنامەی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە هیچ جۆرێک دەستەواژەی گەمارۆی ئابووریی- سزا ئابوورییەکان بەکارنەهاتووە بەڵکو، چەند دەستەواژەیەک هاتوون،، کە گوزارشتی ئەوە ئەکەن وەک مادەی ١٦ بە دەستەواژەی «پچڕانی پەیوەندییە داراییی و ئابووریی و کەسییەکان» و» قەدەغەکردنی هەموو پەیوەندیی» و»کارسازیی ئابووریی و داراییی»(-https://www.ungeneva.org/ar/library

archives/league-of-nations/covenant) «کارسازیی» مادەی ٣٩، «کردە ڕێگریی و داپڵۆسینەکان» مادەی ٢، « ڕێککاریی» مادەی ٤٠ و ٤١ و ٤٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (-https://www.un.org/ar/about us/un-charter/full-text؛ رحايبي وبوروبي، ٢٠١٨، ص٣٣٠ ). هەریەک لەم دوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، سزا ئابورییەکانیان لە میانی کۆمەڵە مادەیەکەوە ناساندویانە و دیاریکردووە. کۆمەڵەی گەلان وا ناساندوویەتیی، کە:»سزایەکیی کۆمەڵییە لە ڕێگەی ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بەرپرسیار لە هێمنیی و ئاسایشیی نێودەوڵەتیی ئەسەپێنرێت، هەروەها بەسەر ئەوانەشدا ئەسەپێنرێت، کە پاپەندنین بە گوێرەی بەڵگەنامەی کۆمەڵەکە و پێشێلی ئەرکەکانیان ئەکەن « بەڵام، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێیی مادەی حەوتی بەڵگەنامە، کە پێیوایە «کۆمەڵە ڕێککارییەکی زۆرەملێیە، کە ئەنجومەنیی ئاسایش بە گویرەی مادەی ٤١ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەیگرێتەبەر لە میانی پیادەکردنی ئەرکی سەرەکی خۆی لە پارێزگاریکردن لە هێمنیی و ئاسایشیی نێودەوڵەتیی، بە ئامانجگرتنیی بونیادی ئابووریی ئەو دەوڵەتەی کارێک بەجێ ئەهێنێت، کە بە پێشێلی هێمنیی و ئاسایشیی نێودەوڵەتیی یا هەڕەشەکردن یاخود، کارێکی دوژمنکارانە، هەژمارئەکرێت». (صادق، ٢٠٠٥، ص١٣)

سەبارەت بە بنەماکانی گەمارۆیی ئابووریی، پسپۆڕانیی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵە بنەمایەکیان داناوە، بنەماکان ئەمانەی خوارەوەن:

کارسازییەکی نێودەوڵەتییە: مەبەست لێی ئەوەیە، کە ڕێککارێکی نێودەوڵەتییە لەلایەن ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکان، یان هەرێمییەکانەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت و ئەسەپێنرێت.

کارسازییەکی زۆرەملێیە: ئەم بڕیارە نێوەدەوڵەتییانە بە شیوەیەکی تۆپزی بەسەر ئەو دەوڵەتەدا ئەسەپێنرێت، کە پێشێلیی یاسا نێوەدەوڵەتییەکانی کردووە.

کارسازییە، کە ئەگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پێشێلکارییانەی، کە دەوڵەتی سزادراو ئەنجامیی ئەدات لە ئاست یاسا و پێڕەوە نێودەوڵەتییەکاندا. (احمد، ٢٠٠٠، ص٢٥).

ئەم ڕێکارییە، مەبەست لێی چاکسازیکردنی ڕەفتاریی دەوڵەتی دوژمنکار و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانی دەوڵەتانی تر و پارێزگاریکردن لە ئاشتی و هێمنیی نێودەوڵەتییە. (رضا، ٢٠١١، ص١٦).

سروشتی ئابووریی: ئەدگارێکی بنچینەییە، واتە: ئەبێت سزا ئابوورییەکان، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و پەیوەندییە بازرگانیی و داراییەکانی ئەو دەوڵەتەی، کە سزاکەی بەسەردا سەپێنراوە بە ئامانج بگرێت. (رشدی، ٢٠١٧، ص١٣).

باسیی دووەم: شێوە و جۆرەکانیی:

یەکەم: بایکۆتی ئابووریی Boycott: بە نوێترین و مەترسیدارترین شێوە لە شێوەکانی سزا ئابوورییە نێوەدەوڵەتییەکان دائەنرێت. مەبەست لێی هەڵپەساردنیی هەموو جۆرە مامەڵەیەکیی ئابووریی و پەیوەندییە ئابوریی و بازرگانییەکانە لەگەڵ دەوڵەتیی بە ئامانجگیراودا (رشدی، ٢٠١٧، ص٢٦).

بایکۆت؛ پرۆسەکانی ناردن و هاوردە ئابوورییەکان و بازرگانیی و دارایی و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بارکردنی بەشەکیی وهەمەکیی و گشت پرۆسەکانی وەبەرهێنانی نێوەدەوڵەتیی و گەشتیاریی و گەشتکردن

لـە خۆئەگرێـت (عـلي، ٢٠١٥، ص١٦).

بایکۆتـی ئابووریـی دوو شـێوەی هەیـە؛ بەشـێوەی تاکییـە و لەلایـەن دەوڵەتێکـەوە جێبەجێئەکرێـت وەک بایکۆتـی کوبـا دژی ئەمریـکا یاخـود، کۆمەڵییـە لـە چوارچێـوەی بڕیارێکـی نێودەوڵەتییـەوە لەلایـەن ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـی و هەرێمییەکانـەوە ئەسـەپێنرێت وەک بایکۆتـی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان لەسـاڵی ١٩٦٦ دژی باشـووری ئەفریقا(زهیـر، ٢٠١٩، ص١٥٣-١٥٤)، لەوانەشـە لـە چوارچێـوەی یـەک قـەوارەدا ئـەم پرۆسـەیە ئەنجام بدرێـت وەکـوو بایکۆتـی گەلـی فەڵەسـتنی لەساڵی ١٩٣٦ دژی بەرهەمـی ئیسرائیلییـەکان لـە مـاوەی مانداتـی بەریتانیـی دا یـان، بایکۆتـی کەلووپەلـی بەریتانـی لەلایـەن خەڵکـی هیندسـتانەوە لەسـاڵی ١٩٢٠.(عـادل،٢٠١٢، ص٤٥-٤٦).

دووەم: یاسـاغکردنیی بازرگانیـی Embargo: جۆرێکـی تـرە لـە سـزا ئابوورییـەکان، ئـەم شـێوەیە لـە ڕووی مەترسییەوە، ئامـرازێ، کـە لـە دوای بایکۆتـی ئابوورییـەوە دێـت چـوون، کـە دەوڵـەت و میللەتەکـەی بێبـەش ئـەکات لـە گرنگتریـن کاڵای پێویسـت، کـە ئابووریـی و ژیانیـی خەڵکـی ئـەو وڵاتـەی لەسـەر بەنـدە و ئەبێتـە هـۆی شـلۆقی سیسـتمیی ئابووریـی دەوڵـەت و تێکچوونـی ڕەوشـیی دارایی.(زهیـر، ٢٠١٩، ص١٥٥) مەبەسـت لێی»ڕێگریکردنـە لـە هەناردەکـردن لەلایـەن دەوڵەتێـک یاخـود، چەنـد دەوڵەتێـک» (احمـد، ٢٠٠٠، ص٣٦) یـان، ڕێگەپێنـەدان بـە هاتنەنـاوەوەی بەرهەمێکـی دیاریکـراو یاخـود، چەنـد بەرهەمێکـی دیاریکراو.(نصیـرة، ٢٠١٥، ص٢٨).

یاسـاغکردن دوو جـۆری هەیـە؛ یەکەمیـان: یاسـاغکردنیی گشـتگیرە. دووەمیـان: یاسـاغکردنیی سـنووردارە. یاسـاغکردنیی گشـتگیر تـەواوی کەلووپەلـە بازرگانییـەکان ئەگرێتـەوە وەک ڕێگریکردنـی ئەمریـکا لـە مامەڵەکردنی هەمـوو جـۆرە بازرگانییـەک لەگـەڵ چیـن و کووبـا دا (مقلـد،١٩٩١، ص٤٧٥) یاخـود، یاسـاغکردنیی سـنووردارە واتـە تەنهـا جۆرێـک لـە کەلووپەلـی دیارکـراو ئەکاتـە ئامانـج وەکـوو بڕیـاری ٧٣١ی  سـاڵی ٢٠١١ی نەتـەوە یەکگرتـوەکان دژی لیبیـا، کـە تۆمەتباربـوو بـە داڵدەدانـی تیـرۆر، تێیـدا قەدەغـەی مامەڵەکـردن لـە پێفرۆشـتن و ناردنـی کەرەسـتەی فڕۆکەوانـی و سـەربازی لەگـەڵ لیبیـا دا، کـرا (عـادل،٢٠١٢، ص٥٩).

سێیەم: گەمارۆیـی دەریایی: بـەو پێیەیـی دەریـا و زەریـاکان کاریگەرییەکـی گرنـگ و بەهێزیـان لەسـەر ئابووریـی وسیاسـەتیی دەرەکیـی و ناوخۆیـی هـەر دەوڵەتێـک هەیـە. لەبەرئەمـە بـە ئامرازێکـی تـەواوکار و کارا دائەنرێـت لـە پـای ناچارکردنـی دەوڵەتـی پێشـێلکار بـۆ پابەندبـوون بـە یاسـا نێودەوڵەتییەکانـەوە. بۆیـە بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن و کاریگەرتریـن ئامرازەکانـی فشـارکردنی نێودەوڵەتیـی لەسـەر ئابووریـی دەوڵـەت و مافـی مـرۆڤ، هەژمـار ئەکرێت(احمـد، ٢٠٠٠، ص٣٧). مەبەسـت لـەم جـۆرە، ڕێگرتنـە لـە هاتـن و ڕۆیشـتنی کەشـتی لـە بەنـدەر و لێوارەکانـی دەوڵەتـی سـزادراو، کـە ئەمـەش بـۆ ئـەوە ئەنجـام ئەدرێـت تـا لـە هەمـوو جـۆرە پەیوەندییەکـی دەرەکیـی لـە ڕێگـەی دەریـاوە، بێبەشـبکرێت. (رشـدی، ٢٠١٧، ص٢٨).

گەمارۆیـی دەریایـی لـە بنەڕەتـدا بـە پرۆسـەیەکی جەنگیـی هەژمارکـراوە لەلایـەن پسـپۆڕانی نێودەوڵەتیـی دوو شـێوەی هەیـە: یەکەمیـان: گەمـارۆی ئابووریـی ئاشـتیخوازانەیە-Pacific Blockade: پێشـیی ئەوترێـت گەمارۆیـی ئابـووری مەبەسـت لێـی ئـەو ئامـرازە ئاشـتیخوازانەیە، کـە دەوڵەتێـک پەنـای بـۆ ئەبـات لـە میانـی جوڵاندنـی کەشـتیگەلە سـەبازییەکانی بـۆ چواردەورگرتـن و گەمارۆدانـی کەنارەکانـی دەوڵەتـی سـزادراو بـە مەبەسـتی ڕێگەگرتـن لـە هاتـن و چوونـی هـەر کەشـتیەک (رشـدی، ٢٠١٧، ص٢٨) وەکـوو گەمارۆیـی دەریایـی ڤەنزوویـلا

لەساڵی ١٩٠٢ لەلایەن ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. (سلامی،٢٠٢١، ص٥١). جۆری دووەمیان پێیەوترێت» گەمارۆی دەریایی جەنگیی یان ستراتیژیی-Hostile Blockade»؛ ئەم جۆرە گوزارشتە لە رێگەگرتن لە ناردنی کەرەستەی ستراتیژیی وتەکنەلۆژیایی پێویست بۆ دەوڵەتی سزادراو، کە بتوانێت بەشداربێت لە بەهێزکردنەوەی توانستە سەربازییەکانی دەوڵەتی سزادراو بۆ بەردەوامبوونی لەشەڕ وجەنگدا (علي، ٢٠١٥، ص١٤؛ مناد،٢٠١٥، ص٦٤). باشترین نموونەی ئەم جۆرە: بڕیاری ٦٦٥ی ساڵی ١٩٩٠ دژ بە عێراق لە لایەن ئەنجومەنیی ئاسایشیی نەتەوە یەکگرتووەکان (علي، ٢٠١٥، ص١٥).

چوارەم: سزا ئابوورییە بە ئامانجگیراوەکان- Targeted Sanctions: جۆرێکی ترە لە سزای ئابووریی و تەواوکەری سزا ئابوورییەکانی ترە، کە دوو چەمکی جیاوازتری بۆ بەکارئەبرێت «سزا زیرەکەکان» و» سزای ئامانجە سنووردارکراوەکان» چوون، کە ئامانجە، کە دیاریکراوە و خودی پرۆسە، کە پرۆسەیەکیی زیرەکانەیە و جیاوازی لە نێوان بەرپرسان و دەسەڵاتداران و کەسانی مەدەنیی و رەشۆکیی خەڵکی ئەکات(Hakimdavar,٢٠١٤,P.١)؛ رضا، ٢٠١١، ص٥٧). بازنەیەکی تری فشارە ئابوورییەکانە، مەبەست لێی، ئەوەیە، کە « فشارێکی زۆرەملێییە و بەسەر تاک و قەوارە دیاریکراوەکان ئەچەسپێنرێت و بەرهەم و چالاکییە بژاردەکراوەکانیان سنووردار ئەکات، لەپاڵ کەمکردنەوەی کاریگەرییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە نامەبەستدارەکان لەسەر دانیشتوانە لاواز و بێتاوانەکان» (Cortright and Lopez, ٢٠٠٢, P.٢.)

ئەم جۆرە سزایە چەند لایەنێک ئەگرێتەوە و لەمانە پێکدێت: بلۆککردنی دارایی حکومەت یا، ئەندامانی حوکمڕانیی دەوڵەت، قەدەغەکردنی مامەڵەی بازرگانیی چەک یان، کەلووپەلی بەهادار و هاوشێوەکانیی، رێگەگرتن لە گەشتکردن و هاتوچۆی فڕۆکەوانی، سەپاندنی گۆشەگیریی دیپلۆماسیی (Cortright and Lopez,٢٠٠٢,P.٣؛ رضا: م.س، ص٥٨) وەکوو بڕیاری ژمارە ١٢١٧٠ی سەرۆکی ئەمریکا کارتەر لە ساڵی ١٩٧٩، کە تێیدا ١٤ ملیاری ئێرانی لە کاردانەوەی بارمتەگرتنی دیپلۆماس و هاوڵاتیانیی ئەمریکیی لە سەفارەتی ئەمریکا دا لە ئێران، گرت Alerassool, ١٩٩٣, P.٢)).

پێنجەم: لیستیی رەش-Blacklist System: جۆرێکی ترە لە سزا ئابوورییەکان. کرۆکی ئەم جۆرە سزایە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ناوەندە جیهانییەکان پێیانوایە کۆی سزاکانی تر، تەرووشک پێکەوە ئەسوتێنێت و رەچاوی لایەنی مرۆڤایەتی تێدا ناکرێت، بۆیە پێویستە ئاراستەی سزاکان بە رووی «بە مرۆڤایەتیکردنی سزاکاندا» بێت. (جمال، ٢٠١٣، ص١٣٥).

مەبەست لەم سزایە ئەوەیە:» تۆمارکردنی ناوی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی پەیوەندییان هەیە بە دەوڵەتی دەستدرێژیکارەوە لە لیستێکی تایبەت، کە بە لیستیی رەش ناسێنراوە. ئەم کردارە، ئەو کەس و کۆمپانیایانە هەمان حوکمی دەوڵەتی دەستدرێژیکاریی بەسەردا جێبەجێ ئەبێت» (نصیرة، ٢٠١٥، ص٣١).

دانانی لیستیی رەش بە ئامانجیی ئەوەیە، کە لەلایەک لە رووی ئابوورییەوە گوشار بخاتەسەر دەوڵەتی سێیەم یاخود، ئەو کۆمپانیا و کەسایەتییانەی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی سەرپێچیکار ئەکەن. (جمال، ٢٠١٣، ص١٤٣). سەبارەت بە نموونەی ئەم جۆرە ئەکرێت دانانی ٩٤ کۆمپانیای ئیسرائیل و ٦ کۆمپانیای دەوڵەتانی تر وەک کۆمپانیای ئەشترۆم بۆ خانووبەرە و کۆمپانیای بیزکی بۆ پەیوەندییەکان و بوکینج کۆمی هۆڵەندی و تریب ئەدفایرزی ئەمریکی لە قودس و شاخی جۆلان لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لە نێو

لیستیی رەش لەپای مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئیسرائیل لە نێو زەوییە جێناکۆکەکاندا، بە نموونە دابنرێت.( زین خلیل: الدول-العربية/الامم المتحدة-تنشر-قائمة-سوداء-لشركات-بالمستوطنات-الاسرائيلية.https://www.aa.com /١٧٣٢٢١٣/tr/ar )

تەوەری دووەم: پوختەیەک لەبارەی سەپاندنیی گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا تا هەڵووەشاندنەوەی:

سیاسەتیی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر عێراق دا، چەندین پاساو و هۆکاری ئابوریی و سیاسیی لەپشتەوە هەبوو. لەسەرەتای ئەم پاساو و هۆکارانە داگیرکردنی کوەیت دێت. لە ١٩٩٠/٨/٢ سووپای عێراق لەشکرکێشیان کردە سەر کوەیت و لەماوەی چوار کاتژمێردا داگیریان کرد(نصيرة، ٢٠١٩، ص٦٣). لە ئاکامی ئەم داگیرکارییەدا، گەڕانەوەی سەروەریی بۆ کوەیت و کشانەوەی بێ مەرجیی هێزەکانیی عێراق لە کوەیت بووە هەڵوێستی سەرەکی بەشیی هەرە زۆری ناوەندە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان. ئەوەبوو رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتادا بڕیاری ١٩٩٠/٦٦٠ی دەرکرد و تێیدا سەرکۆنەی ئەم کارەی عێراقیی کرد و داوای کشانەوەی بێ مەرجیی کرد. (الامم المتحدة: ٦٦٠/UN.S/RES (١٩٩٠)-AR). پاشتر بڕیاری ١٩٩٠/٦٦١ دەرکرد و تێیدا گەمارۆی ئابووریی بەسەر عێراقدا سەپاند. لەم بڕیارەدا لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان بەستەوە بە کشانەوەی سووپای عێراق لە کوەیت و هەڵووەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی سەبارەت بە کوەیت(لکاندنی کوەیت بە عێراق، گەڕانەوەی حوکمڕانیی کوەیت، دەرکردنی هاونیشتمانیانیی وڵاتانی بیانی...)، کە لەلایەن عێراقەوە دەرکرابوو. بۆ ئەم مەبەستەش رێککەوتی ١٩٩١/١/15 وەک دواموڵەت دانرا بۆ وەڵامدانەوەی عێراق (العقون، ٢٠١٦، ص٢٢-٢٤). جۆرج بۆشی باوک(١٩٨٩-١٩٩٣)، کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەمریکابوو لە وتارێکیدا ئاماژەی بە ئامانجەکانی گەمارۆ ئابوورییەکان کردوو و گووتی:»ئامانج لە سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی بۆ کۆتایهاتنی داگیرکاریی کوەیت و دووپاتکردنەوەیە بۆ جیهان، کە لێبوردە نین لەمەڕ دوژمنکاریی» (Walsh, ١٩٩٥, P.٥٢).

دوای ئەوەی دوا مۆڵەتی چوونە دەرەوەی سەدام کۆتایی هات و پابەند بە کشانەوەی هێزەکانی لە کوەیت، نەبوو. دواجار هێزەکانی عێراق لە ژێر فشاریی سەربازیی نێودەوڵەتیی لە ١٩٩١/٢/٢٨ ناچار بە کشانەوە کران. ئەگەرچیی داگیرکردنی کوەیت فاکتەریی سەرەکیی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان بوو، کەچیی ساڵانی دواتر و پاش کشانەوەی بە تۆپزیی و هێز، گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر عێراق هەڵنەگیرا و بەدرێژایی سێزە ساڵ بەردەوامیی پێدرا، هەربۆیە ئەمریکا بەهاوکاری وڵاتانی تر لە میانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری ١٩٩١/٦٨٧ دەرکرا تێیدا چەند مەرجێکی نوێی بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان دانا (حجازين،٢٠٢١، ص٥٨) وەکوو داماڵینیی چەک و لەناوبردنی چەکیی کۆکوژ و کیمیایی، پرسیی پێشێلکردنی مافەکانیی مرۆڤ، پرسە هەڵواسراوەکانیی نێوان کوەیت-عێراق(الامم المتحدة/UN.S ٦٨٧/RES (١٩٩١)-AR).

دوای تێپەڕبوونی چوار رۆژ بەسەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و پابەندنەبوونیی عێراق بە بڕیاری ٦٦٠»، کە تێیدا داوای کشاندنەوەی دەستبەجێی سووپای عیراقی کرد (الخطيب،٢٠١٦، ص١٨٥) هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و کەنەدا و ئەسوویبیا و زائیر و فنەلەندا و

کوتدیڤـووار و کۆڵۆمبیـا و مالیزیـا پـرۆژە بڕیـاری ٦٦١ پێشـکەش بـە ئەنجومەنیـی ئاسـایش کرد(السـامرائی، ١٩٩٥، ص١٦١). لـە ئاکامـدا لـە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٤ بـە کۆدەنگیـی ١٨ دەوڵـەت و دەنگنەدانـی هەریـەک لـە یەمـەن و کووبـا پەسـەندکرا، کـە تێیـدا لـە ژێـر ڕۆشـنایی بەشـی حەوتـەم/ مادەکانـی ٤١ و٤٢ گەمارۆیـی ئابووریـی بەسـەردا سـەپێنرا (Collier, ٢٠٠٤, P.٣٤). ئـەم بڕیـارە ئامانجیـی ئەوەبـوو، کـە عێـراق بـە تـەواوی لـە ڕووی ئابوورییـەوە لـە میانـی کاریگەریکـردن لەسـەر بازرگانیـی و نـەوت و بناغـەی دارایـی و سـەرمایە و جوڵـە گوومرگییەکانیـی عێـراق، گۆشـەگیر بـکات. ( Perez, ٢٠٠٩, P.٩).

بەپێـی بڕیـارە، کـە ئەنجومەنیـی ئاسـایش، لیژنەیەکـی تایبەتـی بـۆ بەڕێوەبردنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان دروسـتکرا، کـە پێـی ئەوتـرا « لیژنـەی سـزاکان لەسـەر عێـراق» یاخـود، «لیژنـەی ٦٦١». لیژنەکـە پێکهاتبـوو لـە پـازدە ئەنـدام و تێیـدا پرۆسـەی دەنگـدان لەسـەر بڕیـارەکان بەشـێوەی کـۆڕا بوو(غـوردون, ٢٠١٨، ص٤٣).

ئەمریکییـەکان ڕوانگەیەکـی سـەربازییان بـۆ ئـەم بڕیـارە هەبـوو، پێیانوابـوو بـواری بەکارهێنانـی هێزیـی پێـداون، لەبەرئەمـە سـەرۆکی ئەمریـکا (جـۆرج بۆشـی بـاوک) فەرمانیـدا هـەر کەشـتییەک بـۆ عێـراق بچێـت یـا، بـە پێچەوانـەوە بێـت تەقـەی لێبکرێـت چـوون، کـە ئەمریـکا بـاوەڕی وابـوو بـۆ ئـەوەی سـزاکان ئامانجیـی خـۆی بپێکێـت، پێویسـتە سـەرجەم دەوڵەتـان پابەندبـن و هەمـوو جـۆرە مامەڵەیەکیـی بازرگانیـی لەگـەڵ عێـراق دا رابگرن(سـیمونز، ١٩٩٨، ص ص٦٩-٧٤؛ نـوال، ٢٠١٧، ص ١٣٥)، لـەم چوارچێوەیـەدا لەسـەر داوای هەندێـک دەوڵەتی وەک سـعوودیە و هۆڵەنـدا و بەحریـن و ئیـمارات و قەتـەر پـرۆژە بڕیارێکیـان پێشکەشـکرد، کـە تێیـدا گەمـارۆی دەریایـی داوا کردبـوو (حمیـد، ٢٠١٩، ص١٧٥) لەبەرئـەوە بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە، ئەنجومەنـی ئاسـایش لـە ١٩٩٠/٨/١٥ بڕیـاری ٦٦٥ دەرکـرد، کـە تێیـدا گەمـارۆی دەریایـی بەسـەر عێـراق دا سـەپاند، بـە جۆرێـک لـەم ماوەیـەدا نزیکـەی ٦٩٦٠ کەشـتی، کـە هاتووچـۆی عێراقیـان ئەکـرد ڕاگیـران (Walsh,١٩٩٥, P.٥١).

دواتـر بـە مەبەسـتی فراوانکردنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان بڕیـاری ٦٧٠ دەرچـوو، کـە تێیـدا گەمـارۆی ئاسـمانیی خرایـە سـەر عێـراق. ئـەم بڕیـارە بـە دەستپێشـخەری فەرەنسـا ئەنجامـدرا و ١٤ دەوڵـەت پەسـەندی کـرد و کووبـا دەنگـی پێنـەدا. ئـەم بڕیـارە ئامانـج لێـی، سـەپاندنی ڕەوایەتـی کارسـازیی سـەربازیی بـوو بەرامبـەر بـە عێـراق (الامـم المتحـدةUN.S/RES/٦٧٠ (١٩٩١)-AR) بەمشـێوەیە بـە دەرکردنـی بڕیارەکانـی ٦٦١ و٦٦٥ و٦٧٠ گەمـارۆ ئابوورییەکانـی سـەر عێـراق تـەواوی لایەنەکانـی گرتـەوە و زەوی و ئاسـمان و دەریایـی خسـتەژێر ڕکێفـی گەمـارۆکان و ئەنجومەنیـی ئاسایشـەوە.

ئـەو ڕاپـۆرت و زانیارییانـەی بـە دەسـت لیژنـەی ٦٦١ گەیشـتبوو، کـە باسـی لـە کارەسـاتباریی بارودۆخـی ئابووریـی و گوزەرانیـی عێـراق کردبوو(سـیمونز، ١٩٩٨، ص ص ٨٤، ١٢٧-١٢٨) وایکـرد نەتـەوە یەکگرتـووەکان دوو بڕیـاری ٧٠٦ لـە ١٩٩١ /٨/١٤ و٧١٢ لـە ١٩٩١/٩/٨ دەربـکات. بـە گوێـرەی ئـەم دوو بڕیـارە ڕێگـە بـە عێـراق درا بـە بـڕی ١،٦ بلیـۆن دۆلار نـەوت بـە مەبەسـتی کڕینـی پێداویسـتییە مرۆیـی و خۆراکیـی و پزیشـکییەکان و خەرجـی ئاژانسـەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، هەنـاردە بـکات (الجبـوری،١٩٩٣، ص٧٣) عێـراق زۆر بـە توونـدی ئـەم دوو بڕیـارەی ڕەتکـردەوە لەبەرئـەوەی پێیوابـوو وەکـوو «هەرێمێکـی ملکەچـی سـپاردەی ڕێکخراوێکـی جیهانـی» مامەڵـەی لەگـەڵ کـراوە و تێیـدا سـەروەری عێراقیـی پێشـێلکردووە (السـامرائی،١٩٩٥، ص١٨٢؛ سـیمونز،١٩٩٨، ص١٣٠).

ئەو بڕەی لە کەرەستە خۆراکییەکان، کە لەلایەن لیژنەی سزاکانەوە لە میانی هەردوو بڕیاری ٦٦١ و ٦٨٧ ڕێگەپێدرابوو بارودۆخی خەڵکی سووک نەکرد و تا ئەهات گوزەران و ژیانی خەڵکی عێراق بەرەو کارەساتبارتر ئەچوو(Perez,٢٠٠٩,PP.١-١١)، بەتایبەتی، کە بەردەوام داواکارییەکانی عێراق بۆ فرۆشتنی نەوت و دەرخستەکانی بۆ پێداویستییەکان رەتئەکرایەوە، کە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ٦ ملیار دۆلار بۆ ١٢ مانگ خەملاندبوویی. سەرباریی ئەمانەش لە نێو خودی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسی بارگرانیی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و خەرجییەکانیان لە عێراق دا و نەبوونی بودجەیەکی باش بۆ خەرجییەکانیان، کە کۆی پرۆژە و کارەکانیان تێدا ئەنجامبدەن، بووە جێگەی ناڕەزایی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان. لە راپۆرتێکی لیژنەی سزاکاندا بۆ ئەنجومەن داواکرابوو، کە ناکرێت کێشەکانی تری جیهان فەرامۆشبکرێن، لە کاتێکدا عێراق خاوەنی یەدەگێکی نەوتیی گەورەیە و لە توانایدا خەرجییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و پرۆسەکانیان لەو وڵاتە لە ئەستۆ بگرێت(السامرائی،١٩٩٥، ص١٨٢ ؛ سیمونز، ١٩٩٨، ص١٢٨-١٢٩)، لەلایەکی ترەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی ژمارەیەک دەوڵەت وەک رووسیا و توورکیا و ئوردن رووبەڕووی زیانێکی گەورە ببوونەوە و بەرژەوەندییەکان زیانی پێگەیشتبوو، بۆیە فشاریان لەسەر ئەمریکا هەبوو چوون، کە بازاڕیی نێودەوڵەتیی پێویستی بە نەوتی عێراق هەبوو، تەنانەت خودی بەهەمان شێوە ئەمریکییەکان پێویستیان بە نەوتی عێراق هەبوو (حمید، ٢٠١٩، ص١٩٠).


ئەم هۆکارانە وایکرد، کە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر پێشنیاریی ئەرجەنتین و خواستی وڵاتانیی ئەوروپیی وعەرەبیی بڕیاری ٩٨٦ بخاتە بەردەم ئەنجومەنیی ئاسایش ، کە لە ١٩٩٥/٤/١٤ بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریی لەسەر درا، ئەمەش بە پرۆگرامیی «نەوت بەرامبەر بە خۆراک- Oil for Food/OFF » ناسرا (حسین، ٢٠٠٢، ص٨٨). لە ناوەڕۆکیی بڕیارەکەدا هاتووە: ئەنجومەنیی ئاسایش ڕێگەئەدا بە کڕینی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان بە بڕی یەک بلیۆن دۆلار، هەروەها جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچونییەوە بۆ ماوەی ١٨٠ رۆژ، وێڕای دابینکردنی بڕی دیاریکراو بۆ پارێزگاکانی باکوری عێراق (الامم المتحدة ٩٨٦/UN.S/RES (١٩٩٥)-AR؛ خطاب، ٢٠١٦، ص٢١٨).

لەم بارەیەوە ئەمینداریی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکی بۆ ئەنجومەنیی ئاسایش بە مێژووی ١/ ٢/ ١٩٩٨ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە و نوسیوویەتی کە» ئەم بەرنامەیە لە رووی جۆرەوە تاکووتەرایە، ئەنجومەنیی ئاسایش وەک کارسازییەکی کاتی بۆ دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی گەلانی عیراق داینـاوە و لە چوارچێوەی سیستمیی سزاکان جێبەجێئەکرێت...» لەبەرئەمە ئەکرێ بوترێت بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک ئامانج لێی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان نەبوو، بەڵکو بواریی بە عێراق دا، کە نەوت بفرۆشێت تا بتوانێت خەرجیی پێداویستییە مرۆییەکان و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دابین بکات و گۆڕانکاریی لە گوزەرانیی خەڵکی عێراق دا بکات(حسین،٢٠٠٢، ص٨٨-٨٩).

عێراق، کە چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد، کە لە ژێر برگەی٢٢ بڕیاری ٦٨٧ گەمارۆی ئابووریی لەسەر هەڵبگرن بەڵام، وەها دەرنەچوو، بۆیە بەرامبەر بە پرۆگرامە، کە ناڕەزا بوو چوون، کە پێیوابوو دەرکردنی ئەم بڕیارە مەبەست لێی هەڵنەگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان و درێژکردنەوەی گەمارۆکانە لەسەر عێراق(السامرائی،١٩٩٥، ص١٨٣). دواجار لە میانی دانوستانێکی چڕوپڕ لە نێوان هەردوو نوێنەرانی دانوستکاریی نەتەوە یەکگرتوەکان

و عێراق، کە چوار مانگی خایاند و لە ٢٠/٥/ ١٩٩٦ یاداشتی لێکتێگەیشتنMOU مۆرکرا (حسین،٢٠٠٢، ص٩٨-٩٩ ). بەو شێوەیە یەکەم پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت لە کانونی یەکەمی ١٩٩٦ لە ریگەی بەندەری بەکرەوە بەجێگەینرا، پاشان وەزارەتی بازرگانی عێراق پرۆسەی داشکاندن و بەستنی گرێبەستیی کەرەستە خۆراکییەکانی راگەیاند و لە مانگی٧ ساڵی ١٩٩٧ یەکەمین بەشە خۆراکی لە رێگەی کۆبوونی خۆراکەوە بەسەر خەڵکی عێراق دا دابەشکرد(سیمونز،١٩٩٨، ص٢٧٤؛ الراوی،٢٠٢٢، ص٢١٨).

پرۆسەی دابەشکردنی ئەو برە پارەی عێراق لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانەوە دەستی ئەکەوت بەمشێوەیە بوو: بری ٦٠٠ ملیۆن دینار بە رێژەی ٣٠٪ بۆ سندوقی قەرەبووکردنەوە . ٢٦٠ ملیۆن دۆلار بە رێژەی١٣٪ بۆ هەرێمیی کوردستانیی عێراق، یەک ملیار بە رێژەی ٥٣٪ بۆ ناوەڕاست و باشووریی عێراق تەرخانکرابوو.(غوردون, ٢٠١٨، ص٤٥ ؛ حمید، ٢٠١٩، ص٢٠٢).





شایەنیی باسە، ئەم برە لە مانگی دووەمیی ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ئەنجومەنیی ئاسایشەوە بۆ ٥,٢٦ ملیار دۆلار بەرزکرایەوە. بۆ جارێکی تریش لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٩٩ رێگە بە فرۆشتنی نەوتیی زیاتری درایەوە (غوردون، ٢٠١٨، ص٤٦).

کارەکانیی پرۆگرامیی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بە هەشت قۆناغدا تێپەڕبووە؛ هەر قۆناغێکی بۆ شەش مانگ دانرابوو. پرۆسە، کە بەشێوەیەک رێکخرابوو، کە پێش هەر قۆناغێک ئەبوو عێراق پلانێکی تێروتەسەل بۆ پێداویستییەکانی دابنێت لە هەریەک لە بوارەکانی خۆراک و چاودێریی تەندروستیی و ئاو و ئاوەڕۆ...هتد. پاشان نوسینگەی پرۆگرام لە عێراق دا، پلانەکەی بەگوێرەیی پسپۆریی و تایبەتمەندیی بەسەر ئاژانسەکان دابەشئەکرد وەکوو، خۆراک و کشتوکاڵ بۆ FAO، خوێندن رێکخراویی UNICIEF، رێکخراویی WHO بۆ چاودێری تەندروستیی و ئاو و ئاوەڕۆ.(غوردون, ٢٠١٨، ص٤٦-٤٧).

پرۆگرامیی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، تارادەیەک بوژانەوەیەکی باشی لە کۆمەڵگەی عێراقیی خولقاند. هەناردەی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە. بەڵام، بە هۆی کۆسپە بەردەوامەکانەوە وەکوو رێگەگرتن لە گرێبەستە پێشکەشکراوەکان و هاوردەکردنی ئەو کەرەستانەی دوو لۆنە بەکاردێن، وایکرد عێراق لە داهاتی خەملێنراو بە ٢٢٠ ملیار دۆلار تەنها ٦٤ ملیاریی چنگ بکەوێت، ئەوی تری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتان ئەڕۆیشت، ئەمەش واتای ئەوە ئەگەیەنێت، کە هەر تاکێک لە نەوتی

فرۆشراو بڕی ٠,٢٩ دۆلار لە ڕۆژێکدا بەرکەوتووە. سەرباری ئەمەش ناکرێت یەکێک لە ئەنجامە ئەرێنییەکان فەرامۆشبکرێت ئەویش گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتیی عێراق بوو بەسەر نەوتی خۆیدا (Jones, ٢٠١٥, P.١٤١-١٤٢).

جێی باسە، ئەم پرۆسەی ڕێگەگرتن و لەکارخستنە گشت بوارەکانی نێو بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک OFF گرتبۆوە، بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەکارخستن و ڕێگەگرتنەکە بەپێی بوارەکانی بەرنامە، کە بەمشێوەیە بووە:




( Scherrer, ٢٠٠٧, P.٦)

سەرنەکەوتنی گەمارۆ ئابوورییەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیی و نە دۆزینەوەی هیچ جۆرە چەکێکی کۆکوژیی و کیمیاویی و بالیستی و زیادبوونی ڕەخنە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی هێشتنەوەی سزا ئابوورییەکان، هەروەها ئەو کارەسات و چەرمەسەریانەی لە ڕووی مرۆییەوە لە گەمارۆ ئابووریی لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی کەوتەوە(سیمونز، ٢٠٠٤، ص٣٠٣ ومابعدها). وێڕایی ئاڵنگاریی حکومەتیی عێراق و ڕووبەڕووبونەوە و خۆدزینەوەی لە سزا ئابوورییەکان لە میانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی نەوت و کەلوپەل لە دەرەوەی پرۆگرامیی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و بازرگانی ڕێگەپێنەدراو و بەقاچاغبردن (حمید، ٢٠١٩، خ٢٠٦؛ الراوی،٢٠٢٢، ص٣١٤) ئەم هۆکارانە وایکرد هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیا بە سیاسەتەکانییاندا بچنەوە و سیاسەتی «سزای ورد» بگرنەبەر، کە چڕبێتەوە لەسەر کاروباری دارایی سەرکردەکان و هەوڵەکانی ڕژێمی عێراقی بۆ دەستخستنی چەکیی کۆکوژیی، کە ئەم سیاسەتە پێی ئەوترا» سزا زیرەکەکان لەسەر عێراق». بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆڵن پاوڵ ڕاسپێردرا تاوەکوو ئەو پرۆژەیە ئامادە بکات، کە لە ماوەی دواتر جۆرج بۆشی کوڕ(٢٠٠١-٢٠٠٩) و تۆنی بلێر (١٩٩٧-٢٠٠٧) جوڵە دیپلۆماسییەکانیان بە مەبەستی ڕازیکردنی وڵاتانی جیهان، دەستپێکرد(سیمونز، ٢٠٠٤، ص٣٠٩)، دوای چەندین هەوڵ بۆ پەسەندکردنی پرۆژەی سزا زیرەکەکان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتییەوە،

کە توشی شکستپێهێنان بۆوە، دواجار هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیا، لە ٢٠٠٢/٥/١٤ پڕۆژە بڕیارێکیان لە ژێر ناونیشانی «سزای ئاڕاستەکراو» پێشکەش بە ئەنجومەنیی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی کرد. لە ئاکامی ئەمەدا بڕیاری ١٤٩٠ بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. بە گوێرەی ئەم بڕیارە، لیستێکیی ٣٠٠ کەرەستەیی ئامادەکرابوو، کە ڕێگەی ئەدا هاوردەی ناو عێراق بکرێت، لەپاڵ ئەمەشدا ئەو کەرەستانەی سەربازین و ڕێگەپێدراو نەبوون لەخۆگرتبوو. ئەم کەرەستانە لە ژێر چاودێریی وپشکنینیی لیژنەی ئەنمۆڤیک UNMOVIC و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەدا ئەنجام ئەدرا. (الامم المتحدة UN.S/RES١٤٠٩/١ (٢٠٠٢)-AR).

دوای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر گەمارۆ ئابوورییەکاندا، ئەنجومەنیی ئاسایش بڕیاری ١٤٨٣ لە ٢٠٠٣/٥/٢٢ دەرکرد و کۆتایی بە سزا ئابوورییەکان هێنا. ئەم بڕیارە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا (الامم المتحدة-UN.S/-RES/١٤٨٣(٢٠٠٣)-AR). لە راستییدا ئەم بڕیارە تەنها سزاکانی لەسەر بواریی مرۆیی و بازرگانیی هەڵگرتبوو بەڵام، سزای لەسەر بواریی سەربازیی هێشتبووە. ئەمەش بە ئامانجیی ئەوەبوو، کە ڕەوایەتی بەو دەسەڵاتەی پاش داگیرکردنی عێراق، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە دامەزراوە، بدات. لە هەنگاوی دواتردا، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٢١٠٧ لە ٦/٢٧/ ٢٠٠٣ دەرکرد، کە عێراقی لەژێر بەندی حەوتەم دەرهێنا و دانی بە گەڕانەوەی پێگەی عێراق بۆ پێش دەرکردنی بڕیاری ٦٦١، نا (نوال، ٢٠١٧، ص١٥٣).

تەوەری سێیەم: هەڵوێستیی وڵاتانی هەرێمیی لە ئاست گەمارۆ ئابوورییەکاندا:

پێگەی هەرێمیی هەر دەوڵەتێک چوارچێوەیەکی گرنگ لە سیستمیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو دەوڵەتە پێکئەهێنێت چوون، کە زیندەییەکی جیا و رۆڵ بەو دەوڵەتە ئەبەخشێت. عێراق بەو پێیەی وڵاتێکی خاوەن وزەیە و جێگەیەکی ناوەندیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەیە و بە دوا سنووریی عەرەبی دائەنرێت، کە بە کۆمەڵە دەوڵەتێک دەووردراوە. ئەم دەوڵەتانەی دەوروەبەریی بەهۆی لێکچوون و هاوبەشیی رەگەزیی و ئایینی و نزیکیی جوگرافیی و فەرهەنگیی لە باریدایە کاریگەریی لە یەکتر بکەن. لەم سۆنگەیەوە ئەکرێت بڵێین کە رووداوەکان بە دوور نابن لە دانانی شوێن لەسەر رۆڵی هەرێمیی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ یەکترییدا. ئەم رووداوانە ناوخۆیی بن یاخود، دەرەکیی بن، کاریگەریی لەسەر دەوڵەتانی دەوروبەریی خۆی لە رووی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، ئەکات. رووداویی داگیرکردنی کوەیت، کە یەکێکە لە وڵاتە هاوسێیەکانیی عێراق و پاشتریش سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر عێراق دا بەپێی چەند بڕیارێکی نێودەوڵەتیی کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووریی و سیاسیی دەوڵەتانی هەرێمیی دەوروبەری عێراق دانا. ئەمەش لە میانی هەڵوێستەکانیانەوە دەرئەکەون. ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ راوەستان لە ئاست هەڵوێستیی وڵاتانی هەرێمیی لە ماوەی گەمارۆ ئابوورییەکان لەمەڕ عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٣، کە لێرەدا تەنها ئەم دەوڵەتانە وەکوو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون:

١- ئێران: لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، ئێران سەرکۆنەی داگیرکردنی کوەیتی کرد. لە بەیانێکی وەزارەتی دەرەوەدا داوای کشاندنەوەی بێ مەرجیی بۆ سنووری پێش ٨/٢ کرد. ئێران پێیوابوو کێشەکان بە ئاشتی و پارێزگاریکردن لە سەروەریی یەکتر چارەسەر بکەن چوون، کە

١- سەبارەت بە لیستیی ٣٠٠ شمەک Goods Review List بڕوانە : الامم المتحدة، مجلس الامن UN. S/٢٠٠٢/٥١٥

کۆنترۆڵکردنی بیرە نەوتییەکان مەترسی بۆ بەرژەوەندیی کۆی ناوچەکە دروست ئەکات و هەژمونی عێراق ئەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لەناوچەکەدا و رێگە بۆ دەستێوەردانی سەربازیی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکەدا، خۆش ئەکات.(الکراز، ٢٠١٢، ص١٢؛ ORHAN,٢٠١٩,P.٣٩٦)

کاتێک ئەنجومەنیی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی بڕیاری٦٦٠/١٩٩٠ و دواتر بڕیای ٦٦١/١٩٩٠ دەرکرد، کە تێیدا گەمارۆیی ئابووریی کردە سەر عێراق و داوای لەسەرجەم وڵاتانی جیهان کرد، کە مامەڵە بازرگانیی و دارییەکانییان لەگەڵ عێراق، رابگرن. ئێران لە سەرەتادا بە چاوەڕوانیی وهێمنییەوە لە پێشوازیی بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا بوو. ئەم هەڵوێستەی لەلایەن عێراقەوە قوسترایەوە لە پێناو بێلایەنکردنی لەسەر بنەمای رێزگرتن لە هاوسێی یەکتریی و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی بیانی لە ناوچەکەدا و رووبەڕووبوونەوەی سیاسەتیی )کۆنترۆڵکردنی دووسەرەی ئەمریکا- (Dual Containment لە رۆژانی ١٥-٨/١٧ دەستپێشخەرییەکی چەند خاڵەی پێشکەش بە ئێران کرد (الکراز،٢٠١٢، ص١٣؛ محمد، ٢٠٠٥، ص٨٢) سەرباریی هەموو ئەمانەش، حکومەتی ئێرانی پاپەندبونی خۆیی بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە راگەیاند، لەوانە بڕیاری ٦٦٠/١٩٩٠ و٦٦١/١٩٩٠ ئەوەتا لە نامەیەکدا بۆ ئەمینداریی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خافییر بیریز دی کۆییار رایگەیاند، کە رێز لە بڕیارەکانی ئەنجومەنیی ئاسایشیی نێودەڵەتی ئەگرێت لەوانەش بڕیاری ٦٦١ گەمارۆ ئابوورییەکان. عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئێران لە راگەیەنراوێکدا وتیی:» سەرباریی دەستپێشخەریی ئاشتیانەی عێراق، ئێران بە گەمارۆی ئابووریی پاپەندە» (المعموری، ٢٠٢١، ص٦٧-٦٨). ئەمە لە کاتێکدا وێڕایی مکوڕبوونی نێودەوڵەتیی و توندکردنی گەمارۆکان لەسەر عێراق، کەچی ئێران دڵنیایی بە عێراق دا، کە لە رووی کەلووپەلی خۆراکی و دەرمانەوە یاریدەدەریی ئەبێت (المعموری، ٢٠٢١، ص٦٩؛ محمد، ٢٠٠٥، ص٨٣ ). رەنگە هاوسنوریی و پێویستی بوژانەوەی ئابووری ئێران و هاومەزهەبی رۆڵی خۆی لەم هەڵوێستەی ئێران دا هەبوو بێت.

بەڵام، لەسەرێکی تروە ئێران دژایەتیی بەکارهێنانی هێزیی سەربازیی بوو، بەشێوەیەک کاتێک بڕیاری ٦٧٨ دەرکرا، کە رێگەیدابوو بە ئەندامانی ئەنجومەنیی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی، هێزیی سەربازیی بەکاربهێنن، ئێران بێلایەنی خۆی راگەیاند و رێگەی نەدا زەوی ئێران بۆ کرداری سەربازیی دژی عێراق، بەکاربهێنن. جگە لەمەش دەستپێشخەرییەکی پێشکەشکرد، کە پێکهاتبوو لە: کشانەوەی هێزەکانیی عێراق لە کوەیت و هێزەکانی وڵاتانی بیانیی لە سعوودیە دا، پێکهێنانی هێزێک لە وڵاتانی کەنداو، لابردنی قەرزەکانی عێراق. جێی گوتنە، ئەم دەستپێشخەرییە بەهۆی پەسەندنەکردنی لەلایەن عێراقەوە شکستیی هێنا (الکراز،٢٠١٢، ص١٥؛ العبیدی، ٢٠١١، ص٥٧).

ئەم سیاسەتە دوو ئاڕاستەییەیی ئێران، سیاسەتێکی ستراتیجیی زیرەکانە بوو، بەرمەبنای گریمانەی ئەو دۆخەبوو، کە حومکڕانانی ئێران پێیانوابوو رەنگە ببێتە هۆکاریی بەکارهێنانیی هێز لە دژیان لایەن ئەمریکاوە، لەبەرئەمە دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا پاڵنەر نەبوو بۆ چوونە پاڵ عێراق و هاوکاریکردنی، جگە لەمەش، پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ئەبێتە هۆی جوانکردنی روویی دەرەکیی ئێران و بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووریی و سیاسیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی. بەدەر لەمەش یادوەری ئەو شەڕە درێژخایەنەی جەنگیی ئێران-عێراق هەیانبوو وایکرد لە سیاسییەکانی ئێران لە رێگەی ئەم هەنگاوەوە، دیپلۆماسیەتیی ئێران، کار

بـۆ لاوازکردنـی رۆڵـی هەرێمیـی عێـراق بکـەن((ORHAN,٢٠١٩,P.٣٩٧
لەئەنجامـی کاریگەرییـە خراپەکانـی گەمـارۆ ئابووریـی لەسـەر عێـراق، ئێـران قازانجـی کـرد ئەویـش لەبەرئـەوەی وەکـوو دەروازەیەکـی گرنـگ، کـە سـنوورییەکی بەرفراوانـی بەعێراقـەوە هەبـوو، حکومەتـی ئێـران بـە رێگـەی قاچـاغ و فەرمـی دەرگای بـۆ هێنانـی کەلوپەلـی خـۆراک و دەرمـان کردبـۆوە، ئەمـە جگـە لـەوەی نـەوت بەشـێوەی نـا ئاسایی بـۆ ئێـران ئەبـرا تـا کار بـەوە گەیشـت، کـە ئەمریـکا ئێرانـی تۆمەتبـار کـرد بـەوەی پێشـێلی گەمـارۆ ئابوورییەکانـی کـردووە. هەرچەنـدە ئێـران بـەردەوام جەختـی لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆی ئەکـردەوە، کـە رێـز لـە بڕیـارە نێودەوڵەتییـەکان ئەگرێـت بـەڵام، بەهـۆی بوونـی سـنوورێکی زۆر، کـە لـە ١٢٠٠کـم تێپەڕئەبـوو، وایکردبـوو رێگەگرتـن لـە تاڵانکـردن و فڕاندنـی کەلوپـەل، کۆنترۆڵکـردن و دەسـتگرتن بەسـەریدا، شـتێکی گـران بێـت. جگـە لەمـەش ئەکرێـت بـە دەرچەیەکـی ئێـران سـەیر بکرێـت بـۆ رزگاربـوون لـە گۆشـەگیریی نێودەوڵەتیـی و دەرهاویشـتە ئابوورییەکانـی شـەڕی هەشـت ساڵەی لەگـەڵ عێـراق دا٢(محمـد، ٢٠٠٥، ص٨٦)
لـە دوای پیادەکردنـی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراکOFF پەیوەندییەکانـی نێـوان عێـراق- ئێـران، پەرەسـەندنێکی بەرچـاوی بـە خۆییـەوە دی. ئەوەبـوو عێـراق لەساڵی ١٩٩٧ بەشـداریی لـە پێشـانگای نێودەوڵەتیی تـاران کـرد، ئەمـە جگـە لـە هەوڵەکانـی عێـراق بـۆ کردنـەوەی دەروازەی مونزریـە. وێـڕای ئـەوەش لەسـاڵانی دواتـردا رێگەیـدا بـە٥٠٠٠ گەشـتیار هەفتانـە گەشـت بـۆ عێـراق بکـەن، پاشـتر لەسـاڵی ٢٠٠٢ رێککەوتنێـک بـە بەهـای ٤٥٠ ملیـۆن دۆلار بـۆ کڕینـی کەلوپـەل و شـمەک و خـۆراک و دەرمـان لەگـەل یەکـتر مـۆر کـرا (الـراوی،٢٠٢٢، ص٢٦٠-٢٦١)
بەمشێوەیە ئەکرێـت ئـەوە بوترێـت، کـە سـەرەڕای دوژمنایەتیـی نێـوان عێـراق وئێـران لەلایـەک فشـار و خراپـی پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا- ئێـران بـەڵام، ئێـران لـە سـۆنگەی بەرژەوەندییەکانیـی خۆییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەم دۆخـە کـرد وەکـوو هەلێـک بـۆ بوژاندنـەوەی ئابووریـی قوسـتییەوە لـە دوای شـەڕێکی درێژخایـەن وتاقەتپڕوکێـن لـە روویـی ئابووریـی و مرۆییـەوە بەتایبەتـی، کـە عێـراق چەندیـن دەسـتپێشـخەریی بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوانیـان لـە قازانجـی ئێـران دا، ئەنجامدابـوو.

٢- تووركیـا: لـە مـاوەی جەنگیـی ئێران-عێـراق دا، بێلایەنـی هەڵبـژارد و پارێزگاریـی لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هەردوولایەنـی جەنـگ کـرد. ئـەم دوو دەوڵەتـە بەرژەوەندیـی ئابووریـی بەهێـز لـە نێوانیانـدا هەبـوو. بەجۆرێـک رۆژانـە بـڕی نیـو ملیـۆن بەرمیل، کـە بـە بەهـای نزیکـەی ٣٠٠ ملیـۆن دۆلار ئەبـوو سـودی بـۆ تووركیـا هەبـوو و لـە رێگـەی تووركیـا بـۆ دەرەوە ئەنێـردرا. جگـە لەمـەش تووركیـا پلـەی دووەمیـی هەبـوو لـە لیسـتیی دەوڵەتانـی هـاوردە و پلـەی سـێیەمیی لـە وڵاتانـی هەنـاردە هەبـوو، وێڕایـی کارکردنـی نزیکـەی ٥٠ هـەزار کرێکاریـی تورکـی لـە عێـراق دا(doc_cvt.htm/sex٠٣/١٣/Moqatel.com/openshare/Behoth/iraqkwit)
لـە کاتـی داگیرکردنـی کوەیـت لەلایـەن عێراقـەوە لـە ١٩٩٠/٨/٢، تووركیـا سـەرکۆنەی کـرد. لـە راگەیەنراوێکیـدا ئامـاژەی بـەوە کـرد، کـە :» تووركیـا بەهـۆی دۆخـی تەنگژاویـی کوەیـت و عێـراق، هەسـت بـە دڕدوونگییەکـی

٢- بەپێـی شـایەتیدانی عیسـام مـەلا حەوێـش دواپارێزگاریـی بانکـی ناوەندیـی عێراقـی لەسـەردەمی سـەدام حسـێن بـە قاچـاغ نـەوت فـرۆشراوە لەرێگـەی کە،شـتیەکانی ئێرانـەوە. ئێـران هاوکاریـی کـردوون وبـڕی پـارەی چاپکردنـی کۆبونیـی خـۆراک زیاتـر لـەو ڕێگەیـەوە پەیداکـردووە. html.٥٨٢٠١/٠٨/٢٠١٨/https://saymar.org

قوڵ ئەکات، کە سووپای عێراق چوونەتە ناو کوەیت وسەروەریی و یەکێتیی خاکیانی پێشێلکردووە. ئێمە بە بایەخەوە ئەڕوانینە ئەم رووداوانە، کە لە وڵاتانی نزیک ئێمە رووئەدەن، هیواخوازین نەبێتەهۆی زیادبونی ململانێ لەناوچەکەدا...» لەهەمان کاتدا وەزیری دەرەکیی تورکیا وتی: «داگیرکردنی کوەیت پەسەندکراو نییە، پێویستە عێراق پاشەکشە بکات» (النعیمی، ٢٠٢١، ص١١٣). سەرباریی ئەمەش پاپەندبوونی خۆیی بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە راگەیاند. ئەوەتا ئاشن چەلپی وزیری دەوڵەتی تورکیا رایگەیاند:» ولاتەکەی پاپەندە بە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها داگیرکاریی کوەیت و لکاندنی بە عێراقەوە رەتئەکاتەوە لەبەرئەوەی پێچەوانەی یاسا و مافە نیودەوڵەتییەکانە، ئەمەش پەیوەندیی بە هەڵویستیی تورکیاوە نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی جیهانییە» لەسەرێکیی ترەوە وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەکی رایگەیاندا تورکیا سەرجەم بڕیارەکان جێبەجێئەکات لە دۆخی دەرکردنی بڕیاری گەمارۆشدا بەهەمان شێوە پیادەی ئەکات وپێوەی پاپەند ئەبێت (النعیمی، ٢٠٢١، ص١٤٤).

لەم سەرووبەندەدا، سەرۆکی تورکیا تورکوت ئۆزال بە روانیین لە دۆخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتەکەی لەو قۆناغەدا، گۆڕانکاریەکی بنچینەیی لە سیاسەتیی دەرەکیی تورکیا دا کرد چوون، کە پێیوابوو ئەبێت تورکیا ئەم هەلە بقۆزێتەوە و رۆڵێکی گەورەتر و بایەخدارتر لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتیی ناوەڕاست وەربگرێت، بۆیە ئۆزال چەند هەنگاوێکی گرتەبەر. سەرەتای هەنگاوەکانی بە داواکاریی لە پەرلەمانیی تورکیا دەستپێکرد، کە داوای کرد دەسەڵاتی فراوانتری بۆ بەکارهێنانی لایەنی جەنگ پێبدەن. لەدواتریشدا، کە بڕیاری ١٩٩٠/٦٦١ گەمارۆ ئابوورییەکان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتییەوە دەرچوو، پاپەندیی بڕیارەکە بوو بەتایبەتی پاش دڵنیایی لەلایەن ئەمریکاوە پێدرا بە قەرەبووکردنەوەی ئەوەی لەم پرۆسەیەدا لەدەستیی ئەدا. لەبەرئەوە تورکیا هەردوو هێڵە نەوتییەکانی عێراق، کە بە زەوی ئەودا تێپەڕئەبوو داخست. پاشان لە ٧ی ئابدا بلۆکی پارەکانی کوەیت وعێراقی کرد و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ عێراق راگرت و سەرجەم مامەڵەیەکی ترانزێتی وەستاند (النعیمی، ٢٠٢١، ص١٤٦-١٤٧) جێی باسە، هەنگاونانی تورکیا بۆ داخستنی هەردوو بۆرییە نەوتییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەک فشار لە عێراق بکات لە چوارچێوەی دیپلۆماسیەتیی جیهانی بەرامبەر بە عێراق و لەلایەکی تر قەرەبوو لەسەرووی قازانجی خۆیی لە داخستنی هێڵی بورییەکان وەربگرێت.(عبدالله،٢٠٢٠، ص٢٤٨) لە هەنگاوی دواتریشدا بنکەی ئەنجەرلیکی تەرخانکرد بۆ بەکارهێنانی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بۆ پاراستنی پەناگەی ئارام و هەڵمەتەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بۆ سەرعێراق(النعیمی، ٢٠٢١، ص١٨٠).

جێی باسە، تورکیا لە سەرەتای گەمارۆ ئابوورییەکاندا لە رووی ئابوورییەوە بە رێژەیەکی بەرچاو زیانمەندبوو ئەوەتا بەهۆی داخستنی هێڵی بۆرییەکانی نەوت، نرخی نەوت بەرزبۆوە و هەناردە راگیراو و گەشتوگوزار و گەشتیاریی لە جوڵە کەوت، بە جۆرێک بڕی زیانەکانیان بە ٧ ملیار دۆلار خەمڵێنرا (بهنان، ٢٠٠٦، ص٣٢) جگە لەمەش، ناوچەکانی باشووریی رۆژهەڵاتیی تورکیا بە شێوەیەکی بەرفراوان زیانی پێگەیشت، ئەوەبوو بێکاریی بە رێژەی ٣٠-٤٠٪ بەرزبۆوە و جوڵانەوەی بازرگانیی و ئابووریی لەو ناوچەیە پەکیی کەوت، ئەمەش بووە هۆی کۆچکردنیی ژمارەیەکی بەرچاو لە بازرگان و ئەو خەڵکانەی لەسەر بازرگانیی لەگەڵ عێراق دا ئەژیان.(عبدالله،٢٠٢٠، ص٢٦٩-٢٧٠)

ئـەم زیانـە ئابوورییانـە تەنگـی بـە تووركیـا هەڵچنیبـوو، لەبەرئـەوە تووركیـا لـە سـاڵانی دواتـردا گەیشـتە ئـەو بـاوەڕەی گەمارۆیـی ئابووریـی زیـان لـەو ئـەدات، بۆیـە هێـدی هێـدی تووركیـا هەڵوێسـتی بـەرەو گـۆڕان ئەرۆیشـت، بۆیـە بانگەشـەی هەڵگرتنـی گەمـارۆ ئابوورییەكانـی لەسـەر عێـراق كـرد، بـەو هیوایـەی بوژانـەوەی ئابووریـی روویـان تێبـكات بەتایبەتـی كاتێـك دەركیـان بـەوە كردبـوو، كـە سیاسـەتیی قەرەبـوو، بارودۆخـی ئابووریـی ئـەوان چارەسـەر نـاكات و زیانەكانییـان بـەردەوام و كەڵەكـە ئەبێت(وهیـب، ٢٠٠٧، ص٤٦). بۆیـە لەگـەڵ جێبەجێكردنـی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراك لەساڵی ١٩٩٦ تووركیـا بـە گرنگییـەوە سـەیریی كرد لەبەرئـەوەی بەشـێوەیەكی بەرچـاو سودمەند ئەبـوو چـوون، كـە رێگـەدرا هـەر شـەش مانگێـك جارێـك بـە بـڕی یـەک ملیـار دۆلار نـەوت بـە هێڵـی نەوتـی تووركیـا دا بـڕوات، كـە لـە ئەمـەدا تووركیـا ١٤٠ ملیـۆن دۆلاری وەک بـاج وەرئەگـرت، لـە ئاكامـی ئەمـەدا قەبـارەی ئاڵووگـۆڕیی بازرگانیـی لەنێـوان هـەردوو دەوڵەتدا گەیشت بـە ٣٠٠-٥٠٠ ملیـۆن دۆلار. (بهنـان، ٢٠٠٦، ص٣٣)

لەدوای ئایـاری سـاڵی ٢٠٠١ كاتێـک ئەمریـكا هەوڵییـدا «سـزا زیرەکـەکان» بەسـەر عێـراق دا بچەسـپێنێت، جارێكی تـر بەرژەوەندییـە ئابورییەكانـی تووركیـا كەوتـەوە بـەر مەترسـی، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی عێـراق هەڕەشـەی ئـەوەی كردبـوو، كـە رۆیشـتنی نـەوت لـە هێڵەكانـی تووركیـا وئوردنـەوە رائەگرێـت بـەڵام، هەرچۆنێـك بێـت ئـەم بارودۆخـە بـە شـێوەیەكیی دروسـت بـۆ تووركیـا تێپـەڕی. ئەوەبـوو پەیوەندیـی هـەردوو دەوڵـەت بـەرەو باشـبوونی زیاتـر رۆیشـت ئەوەتـا وەزیـری نەوتـی عێـراق (عامـر محەمـەد رەشـید) بـە مەبەسـتی ئامادەبـوون لـە لیژنـەی هاوبەشـی هاریكاریـی بازرگانیـی وئابووریـی نێوانیـان، سـەردانی تووركیـا كـرد، لـە ئەنجامـی ئـەم ئاڵووگـۆڕە دیپلۆماسـییانەدا بەهـای ئاڵووگـۆڕی بازرگانـی نێوانیـان بـۆ ٣ ملیـۆن دۆلار بەرزكـردەوە، دواتریـش لـە ئەنجامـی كاركردنـی كۆمپانیـا توركییـەكان لەبـواری وزە و نەوتـدا لـە عێـراق قەبـارەی بازرگانـی بـۆ ٣ ملیـار دۆلار بەرزبـۆوە. لەهەمـان سـاڵدا بـە مەبەسـتی شـكاندنی گەمارۆیـی ئاسـمانی نزیكـەی ١٧٠ خاوەنكاریـی توركیـی بـە نوێنەرایەتیـی ١٨٠ كۆمپانیـا سـەردانی عێـراق یـان كـرد، ئـەم هەنگاوانـە رۆڵێكـی ئەرێنیانـەی بینـی لـە باشـتركردنی پەیوەندییەكانـی نێوانیاندا(بهنـان، ٢٠٠٦، ص٣٥-٣٦)

بەگشـتی، وێـڕای ئـەوەی تووركیـا بـە بەهێـزی ئامادەگیـی لـە سـەپاندنی سـزا ئابوریيـەكان بەسـەر عێـراق دا هەبوو و زووتـر چـووە ژێربـاری هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتیـی بـۆ فشارخستنەسـەر عێـراق بـەڵام، زیانمەندتریـن دەوڵـەت بـوو لـە سـەپاندنی گەمـارۆ ئابوورییـەكان بەسـەر عێـراق دا، هەربۆیـە بـە زوویـی هەوڵیـدا بـۆ چارەسـەركردنی پەیوەندییەكانـی خـۆی لەگـەڵ بەغـداد، ئەمـەش بـە روونـی دوای بـێ هیوابوونـی لـە قەرەبوكردنـەوە و جێبەجێكردنـی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک هاتـەدی و دەركـەوت.

٣- ئـوردن: پێشـووتر ئامـاژە بـەوە كـرا، هـەر لـە كاتـی داگیركردنـی كوەیـت لەلایـەن عێراقـەوە، ئـوردن هەوڵـە دیپلۆماسـییەكانی خـۆی خسـتەگەڕ بـۆ نێوەندگیریكـردن لـە نێـوان عێـراق و كوەیـت و چارەسـەركردنی ئـەم كێشـەیە بـە دوور لـە بـە نێودەوڵەتییكردنـی. هەربۆیـە بـە درێژایـی ئـەم تەنگژەیـە، شـا حسـێن جگـە لـەوەی داوای كشـاندنەوەی هێزەكانی عێراقـی لـە كوەیـت كـرد، بێوچـان لـە رێگـەی گەشـتەكانییەوە بـۆ وڵاتانـی ناوچـە، كـە بـەدوای چارەسـەری ئاشـتییانە ئەگـەڕا، هەرچەنـدە دواجـار بـێ ئـاكام گەیشـت.

doc_cvt.htm; swaidan and Nica, June.sec۲۲/۲۷/www.moqatel.com/openshare/behoth/iraqkwit) (۷۰.P ,۲۰۰۲

لەگـەڵ سـەپاندنی گەمارۆیـی ئابووریـی بـۆ سـەر عێـراق، یەکێـک لـەو سـنوورانەی راسـتەوخۆ پەیوەندیـی بـە گەمارۆیـی عێـراق هەبـوو، ئـوردن بـوو. ئەوەبـوو گەمـارۆ خرایەسـەر بەنـدەری عەقەبـە و سـەرجەم هـاوردە و هەناردەکانـی ئـەو بەنـدەرە خرایـە ژێـر پشـکنینیی نێودەوڵەتییـەوە (حسـان، ۲۰۰۰، ص۱۳) لەبەرئـەوە ئـوردن بـە بەردەوامـی رووبـەڕووی رەخنـەکان ئەبـۆوە لـە ئاسـت ئـەوەی دەرگای کردۆتـەوە و کەلووپـەل و خواردەمەنـی لەوێـوە بەشـێوەی نائاسایی بـەرەو عێـراق ئـەڕوات، بۆیـە لـە ژێـر فشـاریی نێودەوڵەتیـی لەسـاڵی ۱۹۹۲ ئـوردن بـۆ رێگەگرتـن لـە بـە قاچاغبردنـی کەلووپـەل، پەرژینێکـی دوو مەتـری لەسـەر سـنووری عێـراق دروسـتکرد.(خماس، ۲۰۱۱، ص٤۷)

گەمارۆیـی ئابووریـی لەسـەر عێـراق، کاریگەریـی کۆمەڵایەتیـی و ئابوریـی لەسـەر ئـوردن هەبـوو چـوون، کـە عێـراق بـە هاوپشـکی سـەرەکی بازرگانیـی و بازاریـی پیشەسـازیی ئـوردن دائەنـرا. بـە گوێـرەی ئامارەکانیـی بازرگانیـی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە، عێـراق بازاڕێکـی گەورەبـوو بـۆ ئـوردن ئەوەتـا سـەرچاوە ئامارییـەکان ئامـاژە بـەوە ئەکـەن کـە ٢٤٪ هەنـاردەی پیشەسـازیی ئـوردن لـە عێـراق دا سـاغ ئەبـووە، هەروەهـا نزیکـەی ۳٥۰ دامـەزراوە و۱۲ هـەزار کرێـکار ژیانیـان رووبـەرووی مەترسـی بـۆوە، بەمشـێوەیە، قەبـارەی زیانـی بازاڕیـی ئوردنـی بـە ۳٤۲ ملیـۆن دینـار قەبلێـنراوە، کـە لەمـەدا کەرتەکانـی گواسـتنەوە ۹۷٤,۱ ملیـۆن دینـار و داهاتـی لـە بەنـدەری عەقەبـە بـە ۱٦۰ ملیـۆن دۆلار و کەرتـی کشـتوکاڵ ۲۳۳ ملیـۆن دۆلار خەسـارەتمەندبوو، وێڕایـی زیادبوونـی بێکاریـی لـە نـاو ئـوردن دا (حسـان، ۲۰۰۰، ص۱۳۹-۱٤۰)

لەمـاوەی سـاڵانی ۱۹۹۰-۲۰۰۳ ئـوردن بـە قوڵایـی ئابووریـی وبازرگانیـی عێـراق دائەنـرا، لەبەرئـەوەی عێـراق بـۆ هاوردەکردنـی کەلووپەلـی خۆراکیـی و دەرمـان پشـتی بـە بەنـدەری عەقەبـە ئەبەسـت، بەجۆرێـک ئـوردن لـە هاوردەکـردن لەگـەڵ عێـراق پلـەی چوارەمـی گرتبـوو (مجیـد، ۲۰۱۱، ص۹۱)

کاتێـک نەتـەوە یەکگرتـوەکان بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خۆراکـی راگەیانـد، ئـوردن پێشـوازی لـەم هەنـگاوە کـرد. لـەم بارەیـەوە وەزیـری دەرەوەی ئوردنـی ئـەم هەنـگاوەی نرخانـد و داوای جێبەجێکردنـی کـرد وەک هەنگاوێـک بـۆ هەڵگرتنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان. وەزیـری دەرەوە گوتـی: «ئـەم هەنـگاوە زۆر گرنگە...پێویسـتە ئـەم بڕیـارە نەبێتـە جێگـرەوەی هەڵگرتنـی تەواوەتـی سـزاکان بـەڵام، ئـەم پـرۆژە هەنگاوێکـی پێشـکەوتووە و نابیتـە جێگـرەوە» (حسـان، ۲۰۰۰، ص۱۷۳)

لـەم قۆناغـەدا پەیوەندییەکانـی عێـراق- ئـوردن، بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـاد بـوو. بەتایبەتـی لەسـەر ئاسـتی ئاڵوگۆڕیـی بازرگانیـی ئەوەتـا لـە گرێبەسـتەکانی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک بـە رێـژەی ۸٪ بـە بەهـای ۳۰٥,۳ ملیـۆن دۆلار بەشـداریی کـردووە، بەمـەش ئـوردن پلـەی سـێیەمی گرتبـوو دوای فەرەنسـا و ئوسـتراڵیا. هەروەهـا لـە بـواری دەرمانـدا، ۱۰۱,٤ ملیـۆن دۆلار، لـە بـواری خـۆراک بـڕی ۱۸٦ ملیـۆن دۆلار بەهـای گرێبەسـتەکانیی نەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک بـوون لەگـەڵ ئـوردن دا. ئەمـە جگـە لـەوەی لەسـاڵی ۱۹۹۷ بڕیـاردرا بـە زیادکردنـی بـڕی نەوتـی خۆراییـی تـا ۳۰۰ ملیـۆن دۆلار و بەرزکردنـەوەی ئاڵووگۆڕیـی بازرگانیـی بـۆ ۲٥٥ ملیـۆن دۆلار.(خـماس، ۲۰۱۱، ص٦۱-٦۲).

لەگـەڵ ئـەوەی هەڵهاتنـی کامـل حسـێن زاوای سـەدام حسـێن سـەرۆکی عێـراق و کچەکـەی بـۆ ئـوردن و کردنـەوەی نوسـینگەی هێزەکانی ئۆپۆزسـیۆن لـە عەممانـی پایتەخـت، بارێکـی ناسـەقامگیری لـە نێوان ئـەم دوو دەوڵەتـەدا هێنایەکایـەوە بـەڵام، نەبـووە هـۆکاری راوەسـتاندنی هەوڵـە دیپلۆماسـییەکان بـۆ هەڵگرتنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان لەسـەر عێـراق. ئەمـەش پەیوەسـتبوو بـە چاوپۆشـینی سیاسـەتی دەرەکیـی عێـراق لـەو رووداوانـە و پێویسـتی بـە کۆکردنـەوەی پاڵپشـتی نێودەوڵەتیـی بـۆ لابردنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان لەلایـەک و لەلایەکـی تـر بـاری دارایـی ئـوردن وەک پێشـووتر روونکرایـەوە. هەربۆیـە تاریـق عەزیـز جێگـری سـەرۆک وەزیـران سـەردانی ئوردنـی کـرد وچـاوی بـە سـەرۆک وەزیرانـی ئـوردن کـەوت. لـە ئاکامـی ئـەم چاوپێکەوتنـەدا رێککەوتـن هەوڵـە دیپلۆماسـییەکانیان بـۆ هەڵگرتنـی گەمـارۆ ئابوورییـەکان زیـاد بکـەن و سـوود لـە پێگـەی دیپلۆماسـی ئـوردون وەربگـرن (مجیـد، ٢٠١١، ص٩١-٩٢؛ خـماس، ٢٠١١، ص٤٩) تەنانـەت لەسـەردەمی عەبـدوڵای دووەمـی شـای ئـوردن، دووبـارە پەیوەندییەکانیـی ئـەم دوو دەوڵەتـە بـەرەو پێشـچوونی بەخـۆوەدی، ئەوەبـوو لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٣ هەنـاردەی ئوردنیـی بـۆ ٣٠٠ ملیـۆن دۆلار بەرزبـۆوەوە و لـە سـاڵی ٢٠٠١ دا ئـەم بـڕە تـا ٤٥٠ ملیـۆن دۆلار گەیشـت.(خماس، ٢٠١١،ص٦٣).

بـە روانیـن لـە هەڵوێسـتیی ئـوردن ئـەوە دەرئەکەوێـت، کـە ئـوردون بەهـۆی سـەپاندنی گەمـارۆ ئابوورییـەکان رووبـەڕووی قەیرانێکـی گـەورەی ئابووریـی بـۆوە، هەرچەنـدە ناچاربـوو پابەنـدی بڕیـارە نێودەوڵەتییـەکان بێـت. لەبەرئـەوە وێڕایـی هەندێـک جمووجۆڵـی سیاسـیی دژ بـە یەکتریـی هێشـتا کاریگەریـی نەکـردە سـەر هەڵوێسـتی نەگـۆڕی ئـوردون لـە دژایەتیکردنـی گەمـارۆ ئابووریـەکان و پشـتگیریکردنی عێـراق لـە ناوەنـدە عەرەبیـی و دەرەکییەکانـدا.

٤- سـووریا: پەیوەندییەکانیـی نێـوان سـووریا وعێـراق، لـە مێـژە لـە ناسـەقامگیرییەکی بەردەوامـدا بـوو. لـە مـاوەی جەنگـی ئێـران عێراقیـدا زێتـر بـەرەو خراپـی رۆیشـت بەتایبەتـی کاتێـک سـووریا چـووە پـاڵ ئێـران و لایەنداریـی لـە ئێـران کـرد، ئەمـەش وایکـرد پەیوەندیـی دیپلۆماسـیی لـە نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـدا نەمێنێت.(الجابـری، ٢٠٠٧، ص١٨)

لەگـەڵ سـەرەتای تەنگژەیـی کەنـداو و داگیرکردنـی کوەیـت لەلایـەن عێراقـەوە، حکومەتـی سـووریا سـەرکۆنەی ئـەم دەسـتدرێژییەیی کـردوو و داوای کشـاندنەوەی بـە پەلـەی هێزەکانیـی عێـراق و گەڕانـەوەی حوکمڕانانـی کوەیتـی کـرد، تەنانـەت پاشـتر بـە ژمارەیـەک سـەرباز لەپـاڵ وڵاتانـی هاوپەیمانـان بـۆ دەرکردنـی سـووپای عێراق لـە کوەیـت لـە رێگـەی هێـزەوە بەشـدارییکرد (محمـد، ٢٠١٦، ص٥٦؛ /http://www.moqatel.com/openshare (htm.sec٠٤٣/١١/Behoth/IraqKwit

لەسـاڵی ١٩٩١ تـا ناوەڕاسـتی نـەوەدەکان پەیوەنـدی نێوانیـان هـەر بـە خراپـی و ناسـەقامگیریی بـەردەوام بـوو بـەڵام، پێویسـتی عێـراق بـۆ کەمکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی گەمارۆیـی ئابووریـی و ئـارەزووی سـووریا بـۆ سـود وەرگرتـن لـە بارووذۆخـی ئابووریـی عێـراق و گرێبەسـتە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ دابینکردنـی کەلوپەلـی خـۆراک و داودەرمـان، رۆڵـی هەبـوو لـە گەڕانـەوەی پەیوەندییەکانیـی نێوانیـان. لەسـاڵی ١٩٩٦ پەیوەنـدی نێوانیـان دەسـتپێکردەوە و لەلایـەن هـەردوولاوە کار لەسـەر باشـبونی پەیوەندییەکانیـان کـرا. ئەوەبـوو لـەو سـاڵەدا ناوندی

نەتـف ی سـنووریی کرایـەوە و ڕێگـەدرا بـە هەناردەکردنـی کەلووپەلـی خـۆراک لـە بەرامبـەر ئەمـەدا لەسـالی ١٩٩٧ ناوەنـدی بازرگانیـی سـووریی لـە بەغـداد کرایـەوە (خمیـس، ٢٠١٧، ص٧٤؛ عبیـد، ٢٠٠٧، ص٢٠٦)

لەچوارچێـوەی پـرۆژەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک، پەیوەندییەکانـی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەکردنی بەخـۆوەدی، ئەوەتـا بەگوێـرەی ڕێککەوتنێـک بـە بەهـای ٢٠ ملیـۆن دۆلار ڕێگـەدرا گەنـم و بەرووبومـە پاقلەمەنییـەکان لـە سـووریا هاوردەبکرێـت. (الـراوی،٢٠٢٢، ص٢٧٥). هەروەهـا لـە مـاوەی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بـڕی هەنـاردە و ئاڵووگـۆڕی بازرگانـی بـۆ زیاتـر لـە ٢٠٠ ملیـۆن دۆلار و قەبـارەی هاوردەکردنیـش لـە سـاڵی ٢٠٠٠ دا بـۆ نیـو ملیـۆن تـەن بەرزکرایـەوە. (الجابـری، ٢٠٠٧، ص٢٠). سـەرباریی ئەمانـەش رۆژانـە ٢٠٠ هـەزار بەرمیـل نـەوت لـە ڕێگـەی هێڵـی نەوتـی عێـراق- سـووریا خرایەوەگـەڕ، ئـەم هەنـگاوەی دوایـی لـە لای عێـراق زۆر بـە گرنگیـی سـەیرئەکرا  چوونکـە لـە دەرەوەی سەرپەرشـتیاریی نەتـەوە یەکگرتـوەکان ئەنجامـدرا، بۆیـە بـە لای عێراقـەوە بـە هەنگاوێکـی سـتراتیژیی بـۆ شـکاندنی گەمارۆیـی ئابووریـی دائەنـرا (الـراوی،٢٠٢٢، ص٢٨١). هـاوکات لەگـەڵ ئەمەشـدا بەغـداد لای خۆییـەوە ژووری بەرێوەبردنـی بەرژەوەندییەکانـی لـە دیمەشـق کردەوە(الجابـري،٢٠٠٧، ص١٨).

لەسـاڵانی دواتریشـدا پەیوەندییەکانیـان فراوانتربـوو ئـەوەش لـە میانـی ڕێککەوتنـی کردنـەوەی ناوچـەی بازرگانیـی ئـازاد لەنێـوان هـەردوو دەوڵەتـدا، کـە بـە ئامادەبوونـی تەهـا یاسـین رەمـەزان جێگری سـەرۆک وەزیـران ومحەمەد مسـتەفا سـەرۆک وەزیرانـی سـووریا لـە ٢٠٠١/٣/٣١ مۆرکـرا، تێیـدا سـووریا وعێـراق کـران بـە یـەک بـازاڕ و باجـی گوومرگـی هـاوردە و هەنـاردە لـە نێـوان هـەردوو دەوڵەتـدا لابـرا. (الجابـری٢٠٠٧، ص٢٨٥).

لـە مـاوەی توێژینەوەکـەدا ئـەوەی ئەبینرێـت ئەوەیـە، کـە پێویسـتییە ئابووریيـەکان فاکتێکـی گرنـگ لـە هەڵوێسـتیی سـووریا لـە ئاسـت گەمـارۆ ئابوورییەکانـدا پێکئەهێنێـت. بـە پێچەوانـەی عێراقـەوە کـە ئامانجیـی بـوو لـەم ڕێگەیـەوە سـەرلەنوێ دیپلۆماسـیەتی خـۆی لـەو گۆشـەگیرییە نێودەوڵەتییـە رووبـەڕووی بۆتـەوە بـە هـۆی گەمـارۆ ئابوورییەکانـەوە بگەڕێنێتـەوە و ئـەو گۆشـەگیرییە بشـکێنێت.

٥- ئەنجومەنیـی هاریکاریـی کەنـداو٣: سـەبارەت بـە هەڵوێسـتیی ئەنجومەنیـی هاریکاریـی کەنـداو؛ تەنگـژەی کەنـداو، دەوڵەتانـی ئەنجومەنیـی هاریکاریـی کەنداویـی خسـتە نێـو گێژاوێکـی زەحمەتـەوە لەبەرئـەوەی ململانێیـە، کـە لـە نێـوان دەوڵەتـی کوەیـت وعێـراق دا بـوو، کـە یەکێکیـان ئەنـدام و ئـەوی تریـان هاوسـنوور. بۆیە لەگـەڵ داگیرکردنـی کوەیـت لەلایـەن سـووپای عێراقـەوە، ئـەم ئەنجومەنـە دەسـتبەجی رووبـەڕووی وەسـتایەوە بە دوژمنکاریـی لـە قەڵەمییـدا. لـەم بارەیـەوە لـە١٩٩٠/٨/٣ ئەنجومەنیـی وزاریـی هاریکاریـی کەنـداو بەیاننامەیەکـی دەرکـرد وجەختـی لەسـەر سـێ خاڵیـی سـەرەکیی کـردەوە، کـە ئەمانـە بـوون:

دانپێدانەنان بە ئەنجامەکانیی دوژمنکارییەکە.

داوای کشاندنەوەی بێ مەرجی سووپای عێراقی کرد.

داوای لە کۆمکاریی عەرەبی کرد، کە هەڵوێستێکی یەکگرتوو وتوند بنوێنێت.(ابو عطوي، ٢٠١٢، ص١٠٤)

---

٣- ئەنجومەنیـی هاریکاریـی کەنـداو: لەسـاڵی ١٩٨١ دروسـتبوو، بیرۆکەکـەی بـۆ سـاڵی ١٩٧٥ ئەگەڕێتـەوە، کاتێـک جابـر ئەحمـەد سـەباح سـەرۆک وەزیرانـی کوەیـت داوای پێکهێنانـی یەکبونـی وڵاتانـی کەنـداوی کـرد. ئـەم ڕێکخـراوە، ڕێکخراوێکـی هەرێمیـی سیاسـیی سـەربازیی ئاسایشـییە لـە (سـعوودیە، کوەیـت، قەتـەر، بەحرێـن، ئیـمارات، عەمـمان) پێکهاتـووە. ئامانجیـی ئـەم ڕێکخـراوە بەهێزکردنـی هاریکاریـی و پەیوەندییـە ئابووریـی و فەرهەنگیـی و زانسـتییەکانە. لـەم بارەیـەوە بڕوانـە: (خلـف، ٢٠١٩، ص ص٥٠ ومابعدهـا؛ شـفیق، ٢٠٢٠).

ئەنجومەنیی هاریکاریی کەنداو، لە هەنگاوی دواتریدا، بەشێوەیەکی بەرچاو لە پشتگیریکردنی سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشداریکرد. دەرگای وڵاتەکانیان کردەوە بۆ هاتنی هێزیی سەربازیی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ بەکارهێنانی هێزیی سەربازیی دژی سووپای عێراق بەگوێرەی بڕیاری ٦٧٨ /١٩٩٠ بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی سووپای وڵاتەکانی ئەنجومەنە، کە لە ٨/١١ کۆبونەوە بەمەبەستی سازکردنیی هەماهەنگیی لەنێوان هێزەکانی ئەنجومەنەکەدا بە ئامانجیی پێشوازیکردن لە هێزە عەرەبیی ونێودەوڵەتییەکان بۆ کەنداو (الطائی، ٢٠٢٠، ص٢٧١).

هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەنجومەنە، کە، سعوودیە هێڵی نەوتی عێراق- سعوودیەی داخست و سەرجەم مامەڵە بازرگانییەکانی هەڵپەسارد(الازیرجاوي،٢٠٢٠، ص٧٤). بەمشێوەیە، تێبینی ئەوە ئەکرێت،، کە لە سەرەتادا، کۆی ئەندامانی ئەنجومەنیی هاریکاریی کەنداو پاڵپشتی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیان کردووە و بەشدارییەکی فراوانییان کردووە و ئامادەگییەکیی بەهێزییان هەبووە لە رووی مادیی و هێزیی سەربازییەوە بۆ دەرپەڕاندنی سووپای عێراق لە کوەیت، ئەمەش بە روونی لە بەیاننامەکانی ئەنجومەنەکەدا دەرئەکەوێت، کە تێیدا بە توندی هەموو هەوڵ و بڕیارەکانی عێراق بەرامبەر بە کوەیت رەتکردۆتەوە وەک لە راگەیەنراوی کۆتایی کۆبونەوەی لوتکەیی دوازدە و سێزدەیی ئەنجومەنەکەدا هاتووە. لە راگەیەنراوەکەدا پشتگیری بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیان کردووە وسەرکۆنەی عێراق کراوە (مرکز دراسات الوحدة العربیة، ٢٠٠٧، ص ص٩١٦، ٩١٨، ٩٢٠) هەرچەندە لەم قۆناغەدا قەتەر پێچەوانەی دەوڵەتانی کەنداو کاری لەسەر نێوەندگیری نێوان کوەیت و عێراق کردووە بەتایبەتی لەمەڕ پرسیی دیل و بێسەروشوێنەکانی کوەیت. جگە لەمەش بەمەبەستی هاوکاریکردنی لایەنی مرۆیی و کەمکردنەوەی برسێتی و چەرمەسەرییەکانی عێراقییەکان ٢٥٠٠ تۆن شەکریی پێشکەش بە عێراق کردووە. بەڵام بەگشتی پابەندی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بوون و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ عێراق دا نەبوو(خلف، ٢٠١٩، ص٣٨٠)

لەگەڵ دانپێدانانی عێراق بە سنووری کوەیت لەساڵی ١٩٩٤ و پەرەسەندنەکانی وەکوو هەوڵە نیودەوڵەتییەکان بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراق لە رێگەی بڕیارێکی نێودەوڵەتییەوە، کە لەم قۆناغەدا هاتەکایەوە. پەیوەندییەکان تا رادەیەک لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئەنجومەنە، کە بەرەو باشبوون رۆیشت بە پێچەوانەی پێداگری ئەنجومەنەکە لەسەر راگەیەنراوە توندو دژەکانی خۆیی وەکوو دامەزراوەیەکیی هەرێمیی. ئەمەش بە روونی لە هەڵوێستی بەرپرسانی دەوڵەتانی ئەندامیی ئەنجومەنەکە ئەبینرا وەکوو بەحرین، کە بەردەوام بانگەشەی هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانیان ئەکرد، هەروەها قەتەر بە مەبەستی دامەزراندنی ناوەندی دەریایی بەتاڵکردن و هەڵگرتن بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانیی، رێککەوتنیی لەگەڵ عێراق کرد. جگە لەمانەش نوێنەری عەمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و پابەندبوونی عێراق دا و داوای هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەر عێراق کرد (مرکز دراسات الوحدة العربیة، ٢٠٠٧، ص ص٣٥٨، ٣٦١، ٣٦٨، ٣٧٩).

دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک لەساڵی١٩٩٥ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەنجومەنیی هاریکاریی کەنداو بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەخۆوەدی و بەرەو باشبوون گۆڕیی چوون، کە بەرایی ئەنجامەکانی ئەم بەرنامەیە، کردنەوەی مامەڵەی بازرگانی بوو بۆ هاوردەکردنی ئەو بابەتانەی

بەرنامەکە ئەگرێتەوە، کە لە کەلووپەلی خۆراکی و دەرمان پێکهاتبوو. ئەوەتا لە ئاکامی ئەمەدا، بەحرێن بەندەری حەمریە بە رووی کەلووپەلی عێراقی کردەوە. لەسەرێکی تریشەوە عێراق قەبارەی هاوردەکردنیی لەگەڵ سعوودیە دا گەیاندە یەک ملیار دۆلار (الراوی، ٢٠٢٢، ص ص٢٤٩، ٢٥٧، ٢٦١). ئەمە جگە لەوەی هەریەک لە عەمان و قەتەر پێشوازییان لە دەرکردنی بڕیاری ٩٨٦ کرد و بە هەنگاوێکی دروستیان زانی بۆ کەمکردنەوەی چەرمەسەری و خراپی باروگوزەرانی خەڵکی عێراق (خلف، ٢٠١٩، ص ص٣٦٨-٣٨١). لەگەڵ هەموو ئەم هەڵوویستە ئەرێنیانە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەنجومەنە، کە بەڵام هێشتا لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، ئەنجومەنەکە لە رێگەی بەیاننامەی کۆبوونەوەکانیی بەردەوامبوو لە رەخنەگرتن لە عێراق و داوای پاپەندبونی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنیی ئاسایشی نێودەوڵەتییان ئەکرد٤(مرکز دراسات الوحدة العربیة، ٢٠٠٧، ص ص٩٢٧، ٩٣٠، ٩٣٢).

لەم نێوەدا، جێی گوتنە، کوەیت پێچەوانەی ئەندامانی تربوو، ئەمەش بەو پێیەی کوەیت لایەنێکی تەنگژەکەی پێکئەهێنا و لەشکرکێشی سووپای عێراق بۆ سەر ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ئابووریی و سەروەریی ئەو وڵاتە بەجێهێشتبوو، هەر لەبەرئەمە کوەیت بە درێژایی سێزدە ساڵی گەمارۆ ئابوورییەکان هەڵوویستێکی توندی بەرامبەر بە عێراق نواند، بەردەوام داوای ئەکرد، کە گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر عێراق توندبکرێ و تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنیی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی جێبەجێ بکرێت لەلایەن عێراقەوە، بۆیە سیاسەتی کوەیت لەم قۆناغەدا تا سەرەتاکانی ساڵانی ٢٠٠٠ەکان جەختکردنەوەبوو لە پاپەندکردنی عێراق بە بڕیارە نیودەوڵەتییەکان لە رووی (یەکلاییکردنەوەی سنوری نێوان کوەیت وعێراق، چەکداماڵین ونەمانی هەڕەشەی عێراق، قەرەبوکردنەوە، گەڕانەوەی موڵکەکانی کوەیت ودیل وبێسەروشوێنەکان) توندکردن و بەهێزکردنی گەمارۆ بە رووی عێراق دا. (خلف، ٢٠١٩، ص٣٤٢). سەرباری ئەم هەڵوێستە توندەی کوەیت بەرامبەر بە عێراق بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان بەڵام، لەگەڵ زیادبوونی نارەزاییەکان لەسەر ئاستی شەقامی دەوڵەتانی عەرەبیی و نێودەوڵەتیی بەرامبەر بە گەمارۆ ئابوورییەکان و ئەو دەرئەنجام ولێکەوتە خراپە ئابووریی وکۆمەڵایەتییانەی گەمارۆکە لەسەر خەڵکی عێراق و بێ ئاکام گەیشتنی سزاکان، وایکرد هەڵوێستی کوەیت تا رادەیەک لەو توندییەیی پێشووتر کاڵتر بکاتەوە بە رەچاوکردنی ژیان و گوزەرانیی خەڵکی مەدنیی عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخانەی باسکران پرسی لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لە پای باشتربوونی گوزەرانی خەڵکی لەلای بەرپرسانی کوەیت گەڵاڵە بوو. لەم بارەیەوە لە کۆتاییەکانی ساڵانی نەوەدەکان وزیری دەرەوەی کوەیت (شێخ سەباح ئەحمەد) رایگەیاند، کە «وڵاتەکەی لاری نییە لە بانگەشەکردن بۆ هەڵگرتن و لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر عێراق». بێگومان ئەمەش پاش ئەو هەڵوێستە هەرێمیی و نێودەوڵەتییانە هات، کە بە کرداریی گەمارۆکانیان شکاند، بەتایبەتی نارەزایی بەرفراوانیی شەقامی عەرەبیی (اسماعیل و حداد،٢٠٢٢، ص٩١).

ماوەتەوە ئەوە بوترێت، ئەنجومەنیی هەریکاریی کەنداو وێڕایی هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر بە عێراق و بە کردار بە شداریکردن و دەرگاکردنەوە بە رووی سوپای وڵاتانیی هاوپەیمانیی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ لێدانیی عێراق، لەسەر ئاستی دامەزراوەیی لە پێناو پارێزگاریکردن لە ئەنجومەنەکە و شکۆیی

٤- بروانە: راگەیەنراوی کۆبونەوەی شازدە١٩٩٥ وحەڤدەی ١٩٩٧، هەژدە ١٩٩٧ی ئەنجومەنیی هاریکاریی کەنداو: مرکز دراسات الوحدة العربیة: الحرب علی العراق...، ص ص٩٢٧، ٩٣٠، ٩٣٢.

هەرێمی ڕێکخراوەکە هەڵوویستێکی جێگر و توونـدی نوانـدووە. بـەڵام. لەسـەر ئاستی دەوڵەتەکانیی کەنـداو بەشێوەیەکی گونجـاو و بـە ڕەچاوکردنیـی پێویسـتی ئابووریـی و هاوسـەنگی هێـز، بنەماکانیـی سیاسـەتی دەرەکیی و هەڵوێسـتیی خۆیـان لـە ئاسـت گەمـارۆ ئابوورییـەکان داڕشـتووە کـە بەگشـتیی لەسـەر ئاسـتیی نێودەوڵەتیـی یارمەتییدەریـی عێـراق بـووە.

## ئەنجام

لـە دوای خوێندنـەوەی ناوەڕۆکیـی توێژینەوەکـە و شـەنووکەوکردنی، توێـژەران گەیشـتنە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

سـزا ئابوورییـەکان لێکەوتـەی خراپـی لەسـەر گشـت ڕەهەندەکانیـی ژیـان و گوزەرانیـی خەڵکـی و کەرتەکانـی خزمەتگوزاریـی و پەروەردەیـی و زانسـتیی و ئابووریـی و پیشەسـازیی و بازرگانیـی بەجێهشـتووە و بونیادیـی کۆمەڵگـەی عێراقـی لەبناغـەوە هەڵتەکانـدوو بەچەشـنێک چەندیـن دیـاردەی کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی قێـزەون بەدرێژایـی سێزدەسـاڵی گەمـارۆ ئابوورییـەکان سـەریهەڵدا.

سـەپاندنی سـزا ئابوورییـەکان بەسـەر عێـراق دا، شـوێنەواریی ئابووریـی خـراپ و لێکەوتـەی بازرگانیـی و داراییـی لەسـەر وڵاتانـی هاوسـێیی و هەرێمیـی عێـراق هەبـوو، ئەمـەش بـە ڕوونـی لـە ئـوردن و تووركیـادا ڕەنگئەداتـەوە، کـە زیانێکـی داراییـی گەورەیـان کـرد لـە ئاکامـی سـەپاندنی گەمـارۆکان بـە هـۆی لەدەسـتدانی کاری کۆمپانیاکانیـان و بێکاربوونـی هەزارەهـا کرێـکار و ڕاوەسـتانی ئاڵوگـۆڕە بازرگانییـەکان، کـە بـە ملیۆنەهـا دۆلار خەمڵێـنراوە.

وێـرای ناسـەقامگیری پەیوەندییەکانـی ئێران-عێـراق بەهـۆی جەنگیـی هەشـت سـاڵەی نێوانیـان بـەڵام، لەمـاوەی سـزا ئابوورییـەکان، ئێـران بـە ڕەچاوکردنـی بارودۆخیـی نێودەوڵەتیـی، سیاسـەتی خۆیـی لەسـەر سـتراتیژیەتیی وەسـتان لـە ناوەڕاسـتدا بنیاتنـا، لەسـەرێکەوە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ عێـراق ڕێکخسـتەوە و بڕیـاری ٦٨٧ بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازیی ڕەتکـردەوە، لەسـەرێکی تـرەوە پابەندبوونـی بـە بڕیـارە نیودەوڵەتییەکانـەوە ڕاگەیانـد وەک بڕیـاری ٦٦١ سـەپاندنی گەمـارۆ ئابوورییـەکان.

مـاوەی بـەر لـە جیبەجێکردنـی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک لەساڵی ١٩٩٥ بەگشـتی پەیوەندییەکانـی عێـراق لـە ئاسـت وڵاتانـی هەرێمیـی خراپبـوو، ئەمـەش بەهـۆی پابەندکردنـی وڵاتانـی هەرێمیـی لەلایـەن وڵاتـە زلهێـزەکان و ڕێکخـراوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ سـەپاندنی گەمـارۆ ئابوورییـەکان.

گـۆڕاوی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک، کاریگەرییەکـی ئەرێنیانـەی هەبـوو لـە ڕووی گەڕانـەوەی دیپلۆماسـیەت و پەیوەندییـە هەرێمییەکانیـی عێـراق، کـە ئەمـەش خـۆی لـە زیادبوونـی ئاڵووگۆڕیـی بازرگانیـی و کردنـەوەی ناوەنـد بازرگانییـەکان و بـازاڕ ئەبینییـەوە، بێگومـان ئەمـەش زادەی پێویسـتی دوولایەنـە بـوو، لەلایـەک عێـراق کاری لەسـەر کەمکردنـەوەی شـوێنەوارەکانیی سـزا ئابوورییـەکان ئەکـردەوە و وەکـوو ئامـرازی شـکاندنی سـزاکان لـە بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراک لێیئەڕوانـی و لەلایەکـی تـر وڵاتانـی هەرێمیـی وهاوسـێی هەوڵیـان ئـەدا سـوودمەندبن لـەو گرێبەسـتانەی لەچووارچێـوەی بەرنامەکـە و لـە ژێـر چاودێریـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ دابینکردنـی کەلووپەلـی خـۆراک و دەرمـان، کـە بـە بلیونەهـا دۆلار ئەقەبلێـنرا، ئەنجامئـەدرا.

## ملخص

موقف الدول الاقليمية تجاه العقوبات الاقتصادية المفروضة على العراق
١٩٩٠-٢٠٠٣

يلقي هذا البحث الضوء على موقف الدول الإقليمية ودول الجوار (إيران وتركيا و سوريا والأردن ودول مجلس التعاون الخليجي) من الحصار الإقتصادية التي فرضت على العراق في الفترة من ١٩٩٠-٢٠٠٣. وقد اتسم موقف هذه الدول في الفترة المذكورة بعدم الاستقرار والثبات، فقد لعب تغير العقوبات الاقتصادية في المراحل المختلفة من هذه المدة دورا في تحديد هذه المواقف، ويلاحظ ذلك بوضوح في مواقف هذه الدول في الفترة التي سبقت تطبيق برنامج النفط مقابل الغذاء في العام ١٩٩٥ وبعد تطبيقه. من أجل ذلك قمت بالإعتماد على منهج البحث التاريخي و التحليلي، حيث يهدف البحث الى عرض مواقف هذه الدول الآنفة الذكر في تلك الفترة و تحديد الاثار والتغيرات التي خلفتها قرارات الأمم المتحدة والعقوبات الاقتصادية على هذه المواقف. وفي النهاية توصل البحث الى إستنتاجات يتمخض عن أن بعض الدول تحركت وفقاً لما تمليه مصالحهم في إطار خدمة المصالح والاضرار المترتبة، وهي كل من تركيا و السعودية والكويت وسوريا الذين شددوا على إخضاع حكام العراق وإضعاف الدولة وتقليل تأثيره الإقليمي وذلك من خلال الإلتزام بالقرارات المتعلقة بالحصار الاقتصادي، على عكس الأردن التي تأثرت سلبا و بصورة واضحة من ضعف الإقتصاد العراقي. إضافة الى العام ١٩٩٥ كان عاملا مؤثرا في إعادة العلاقات الدبلوماسية للعراق مع كل دولة من هذه الدول الاقليمية.


**الكلمات المفتاحية: العراق، الدول الاقليمية، الحصار، العقوبات الاقتصادية، برنامج النفط مقابل الغذاء**


## Abstract

## Regional Countries' Attitude towards Economic Sanctions Imposed on Iraq 19902003-

This study focuses on the attitude of regional and neighboring countries of Iraq (i.e., Iran, Turkey, Syria, Jordan, Saudi Arabia and Kuwait) towards economic sanctions against Iraq from 1990 to 2003. The attitude of these countries throughout this period of time has been known to be unstable; the economic sanctions changes and the stages of these sanctions have played a role in determining the attitudes. This is clearly seen in the attitude of these countries before and after the implementation of the 1995 oil-for-food program. For this purpose, based on historical and analytical research methods, the study aims at presenting the attitude of these countries at this stage, the effects of UN decisions changing, and economic sanctions on this attitude. The study concluded that Turkey, Saudi Arabia, Iran, Kuwait and Syria insisted on subjugating the Iraqi rulers and reducing their regional role and impact on the region by complying with the decisions on economic sanctions,

meanwhile Jordan was significantly affected due to this sanction. Moreover, the year 1995 also played a strong role in the restoration of Iraqi diplomatic relations with each of these neighbouring countries.

**Keywords: Iraq, Regional Countries, Economic Sanctions, Oil-for-food Program.**

## لیستی سەرچاوەکان

+ بڕیار وبەڵگەنامەکان:

ميثاق عصبة الامم: https://www.ungeneva.org/ar/library-archives/league-of-nations/covenant

ميثاق الامم المتحدة: https://www.un.org/ar/about-us/un-charter/full-text

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار٦٦٠ ٦٦٠/UN.S/RES (١٩٩٠)-AR

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار ٦٨٧/UN.S/RES (١٩٩١)-AR

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار ٦٧٠/UN.S/RES (١٩٩١)-AR

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار ٩٨٦/UN.S/RES (١٩٩٥)-AR

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار ١٤٠٩/UN.S/RES (٢٠٠٢)-AR

الامم المتحدة:مجلس الامن، القرارات حالة العراق والكويت، القرار ١٤٨٣/UN.S/RES(٢٠٠٣)-AR).

الامم المتحدة، مجلس الامن ٥١٥/٢٠٠٢/UN. S

### + تێزی دکتۆرا وماستەرنامەکان:

الازيرجاوي، على عطية كامل (٢٠٢٠) دور الولايات المتحدة الأمريكية فى فرض الحصار الاقتصادى على العراق من خلال مجلس الامن الدولى ١٩٩٠-٢٠٠١، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب-جامعة ذى قار.

الجبوري، كامل عبد خلف(١٩٩٣) المقاطعة الاقتصادية فى القانون الدولى وقرارات مجلس الامن المتصلة بمقاطعة العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون، جامعة بغداد.

حسين، بوثلجة (٢٠١٩) قرار مجلس الامن رقم ٩٨٦ الصادر بشان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الحقوق-جامعة الجزائير.

حسين، حسان، هيثم (٢٠٠٠) السياسة الخارجية تجاه العراق١٩٩٠-١٩٩٨، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الاردنية.

حميد، فراس ابراهيم(٢٠١٩) العراق في وثائق هيأة الامم المتحدة ١٩٩٠-٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة البصرة-كلية التربية العلوم الانسانية- قسم التاريخ.

خلف، وليد عمر (٢٠١٩) سياسة دول مجلس التعاون الخليجى تجاه العراق ١٩٨١-٢٠٠٣، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية البنات للاداب والعلوم والتربوية-جامعة عين الشمس.

خـماس، عـدى اسـعد (٢٠١١) الاحتـلال الامريكـى للعـراق واثـره علـى العلاقـات العراقيـة الاردنيـة ٢٠٠٣-٢٠١٠، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الاداب والعلوم-جامعـة الـشرق الاوسـط.
رشـدى، عميـش(٢٠١٧) العقوبـات الاقتصاديـة كوسـيلة ردع علـى المسـتوى الـدولي، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق و العلـوم السياسـية-جامعة العـربي بـن مهيـدى.
رضـا، قـردوح(٢٠١١) العقوبـات الذكيـة مـدى اعتبارهـا بديـلا للعقوبـات الاقتصاديـة فـى علاقتهـا بحقـوق الانسـان، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق والعلـوم السياسـية-جامعة العقيـد الحـاج لخـضر، الجزائـر.
السـامرائى، ضـارى رشـيد(١٩٩٥)، مـدى الشرعيـة قـرارات مجلـس الامـن ضـد العـراق، اطروحـة دكتـوراه غيـر منشـورة، كليـة القانون-جامعـة بغـداد، ١٩٩٥.
سـلامي، حمـزة سـميح(٢٠٢١)مدى تعـارض التدابيـر القسريـة الانفـرادي ذات الطابـع الاقتصـادي مـع القانـون الدولي الاقتصـادي، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة، كليـة الحقـوق- جامعـة تشريـن السـورية.
شـفيق، عبيـر وفيـق(٢٠٢٠) دراسـة فـى نشـاءة مجلـس التعـاون الخليجـى ومواقفـه مـن القضايـا الاقليمية-الحـرب العراقيـة الايرانيـة، الاحتـلال العراقـى للكويـت انموذجـا، اطروحـة دكتـوراه غيـر منشـورة- جامعـة بغـداد، كليـة الاداب- قسـم التاريـخ.
عـادل، تبينـة(٢٠١٥) العقوبـات الاقتصاديـة بيـن الشرعيـة واعتبـارات الانسـانية، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق والعلـوم السياسـية-جامعة محمـد خيـضرة.
العقـون، سـمير (٢٠١٦)، الاجتيـاح العراقـى للكويـت وانعكاسـاته علـى الاعلاقـات العربية-العربيـة ١٩٩٠-١٩٩١، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة -جامعـة بوضياف-المسـيلة كليـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة، قسـم التاريـخ.
عـلي، بوشـافع(٢٠١٥) العقوبـات الاقتصاديـة الدوليـة التقليديـة والحديثـة واثارهـا علـى حالـة حقـوق الانسـان، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق والعلـوم السياسـية-جامعة اكلي محنـد اولحـاج،،
منـاد، سـعودي (٢٠١٥) الجـزاءات الدوليـة بيـن نصـوص الميثـاق والممارسـة فعليـة، اطروحـة دكتـوراه غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق- جامعـة الجزائـر.
نصيـرة، زواغـى(٢٠١٥) العقوبـات الاقتصاديـة الدوليـة واثارهـا علـى حقـوق الانسـان العـراق وليبيـا نموذجـا، رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، كليـة الحقـوق مالعلـوم السياسـية- جامعـة اكلي محنـد اولحـاج.

**+ کتێب:**

**- بەزمانی عەرەبی:**

احمد، د.فاتنة عبدالعال (٢٠٠٠) العقوبات الدولية الاقتصادية، دار النهضة العربية- القاهرة.
اسـماعيل، طـارق يوسـف و حـداد، ويليـام (٢٠٢٢) العـراق الضريبـة البشريـة للتاريـخ، تـر: خـضر علـى سـويد، دار المامـون للترجمـة والنـشر.
حجازين، زياد عيد غطاس (٢٠٢١) العقوبات الاقتصاسية كاحدى ادوات السياسة الخارجية الامريكية، المانيا.
الخطيب، حميد (٢٠١٦) دور هيئة الامم المتحدة فى النزاعات الدولية العراق انموذجا، دار التنوير- الامارات.
الـراوى، د.محمـد مهـدى صالـح (٢٠٢٢) درء المجاعـة عـن العـراق مذكراتـى عـن سـنين الحصـار ١٩٩٠-٢٠٠٣،

منتـدى المعـارف- بيـروت.
سيمونز، جيف (٢٠٠٤) استهداف العراق العقوبات والغارات فى السياسة الامريكية، ط٢، بيروت.
سيمونز، جيف(١٩٩٨) التنكيل بالعراق العقوبات والقانون والعدالة، بيروت-لبنان.
صادق، حسين محمد(٢٠٠٥) اثر العقوبات الاقتصادية فى عملية التنمية ايران، خلدة.
الطـائي، د.زيـد عدنـان ناجـي (٢٠٢٠) حـروب الخليـج الثـلاث علـى الامـن القومـى العربـى- العـراق نموذجـا ١٩٨٠-٢٠١١، ط١، انجـى للنـشر والتوزيع-بغـداد.
طوروس، د.وديع (٢٠١١) الحصار الاقتصادي، المؤسسة الحديثة للكتاب-لبنان.
عبداللـه، علـى هاشـم (٢٠٢٠) السياسـة الخارجيـة التركيـة حيـال العـراق بعـد احـداث اب عـام ١٩٩٠ وافـاق المسـتقبل، دار امجـد للنـشر والتوزيـع، عـمان.
غوردون، جوى (٢٠١٨) الحرب الخفية امريكا والعقوبات على العراق، بيروت.
مركز دراسات الوحدة العربية (٢٠٠٧) حرب على العراق يوميات-وثائق-تقارير ١٩٩٠-٢٠٠٥، بيروت.
المعموري، رماح سعد مرهون (٢٠٢١) موقف ايران من الاجتياح العراقى للكويت ١٩٩٠-١٩٩١، بيروت.
مقلـد، د.اسـماعيل صـبري (١٩٩١)العلاقـات السياسـية الدوليـة دراسـة في الاصـول والنظريـات، المكتبـة الاكاديميـة-القاهرة.
النعيمـي، احمـد نـوري (٢٠٢١) السياسـة الخارجيـة التركيـة تجـاه دول الجـوار العـراق انموذجـا، ج١، دار امجـد للنـشر والتوزيـع، عـمان.
نـوال، زيانـى (٢٠١٧) العقوبـات غيـر العسـكرية فـى الفصـل السـابع مـن ميثـاق الامـم المتحـدة وتطبيقهـا علـى العـراق، دار مجدلاوى-عـمان.

### - بەزمانی ئینگلیزی:

Alerassool,Mahvash (1993) Freezing Assets The USA and the Most Effective Economic Sanction, HE MACMILLAN PRESS L TD, London.
Collier,Laurie (2004) War in the Persian Gulf Almanac; from Operation Desert Storm to Operation Iraqi Freedom, USA.
Cortright,David and Lopez, George A. (2002) Smart Sanction Targeting Economic Statecraft, Rowman and Littlefield Publisher, New York.
Hakimdavar, Golnoosh (2014) A strategic understanding of UN economic sanctions: international relations, law, and development, Routledge-NewYork.
Jones,Lee(2015) Societies Under Siege, Oxford University Press.
Perez, Sonia (2009) Economic Sanctions Against Iraq A Humanitarian Perspective, Enro.

## + لێکۆڵینەوەکان:


بهنـان، د.حنـان عـزو (٢٠٠٦) العلاقـات النفطيـة العراقيـة التركيـة ١٩٧٧-٢٠٠١، دراسـات اقليميـة، ع:٥ لسـنة٣، حزيـران.

الجابـري، سـتار جبـار (٢٠٠٧) العلاقـات العراقيـة السـورية دراسـة فـى الـدور السـورى كفاعـل مهـم ومؤثـر فـى الشـان داخلـى العراقـى، دراسـات دوليـة، ع: ٣٣.

جـمال، اونوقـي (٢٠١٣) ضرورة انسـنة سياسـة العقوبـات الاقتصاديـة الدوليـة، Revue droit international et développement، مـج: ١، العـدد:٢.

خميـس، د.خلـود محمـود (٢٠١٧) العلاقـات العراقيـة السـورية فـى ضـوء اسـتراتيجية التدخـل الدولـى، دراسـات الدوليـة، ع:٦٨.

رحايبـي، حبيبـة و بـوروبي ا.د.عبداللطيـف (٢٠١٨) دور العقوبـات الاقتصاديـة فـى ادارة الازمـات الدوليـة، مجلـة الشريعـة والاقتصـاد، مـج٧، ع١٣.

زهيـر، بـن طـاع اللـه (٢٠١٩) العقوبـات الاقتصاديـة كأداة سياسـية في العلاقـات الدوليـة» العـراق نموذجـا «، مجلـة المفكـر، ع:٦.

عبيد، حسين (٢٠٠٧)المتغير الامريكى واثره فى العلاقات العراقية السورية، دراسات الدولية، ع:٣٣.

الكـراز، محمـد احمـد (٢٠١٢) العاقـات الكويتية-ايرانيـة ١٩٧٩-١٩٩١ دراسـة تاريخيـة سياسـية، مجلـة جامعـة كركـوك للدراسـات الانسـانية، ع: ٣ مـج: ٧.

مجيـد، ايـاد عبدالكريـم (٢٠١١) العلاقـات العراقيـة الاردنيـة بعـد عـام ٢٠٠٣ وافاقهـا المسـتقبله، دراسـات دوليـة، ع:٥٠.

محمـد، بيـداء محمـود (٢٠٠٥) تطبيـق العلاقـات العراقيـة الايرانيـة عـام ١٩٩٠ حتـى الوقـت الحـاضر، دراسـات وبحـوث الوطنـى العربـى، ع: ١٧.

وهيب، حسين حافظ (٢٠٠٧) العراق ودول الجوار دراسة فى الفاعلين التركي والايراني، دراسات دولية، ع:٣٣.

ORHAN, Dr. Öğr. Üye. Duygu Dersan (2019) IRANIAN FOREIGN POLICY TOWARDS IRAQ:AN ANALYSIS OF THREE WARS BETWEEN IDEOLOGY AND REALISM, AVRASYA Uluslararası Araştırmalar Dergisi Cilt : 7 Sayı : 19, Eylül

Swaidan، Ziad &، Nica، Mihai (June 2002). The 1991 Gulf war and Jordan's economy, Middle East Review of International Affairs, Vol. 6, No. 2

Walsh, Brain (1995) The Economic Blockade: A Moral and Legal Analysis, Peace Research, Vol.27, No.1, February.

## + ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت:

زيــن خليــل: الدول-العربية/الامــم المتحدة-تنشر-قائمة-سوداء-لشركات-بالمســتوطنات-الاسرائيلية.https://www
/١٧٣٢٢١٣/aa.com.tr/ar

htm.sec٠٤٣/١١/http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/IraqKwit

,٢٠٠٣-١٩٩٠ The US-UK Engineered Genocidal Sanctions against Iraq (٢٠٠٤) .Scherrer, Christian P

.pdf.٠٤١١١٠٢/٢-٢٠٠٤/٢٠٠٤/HIP. http://www.intl.hiroshima-cu.ac.jp/~hyoshida